


# حەسەن زیرەك و زمانی دوولا

برایم فەرشی نوامبری 2007

## گوتنیك لە هە زار

کورد وە ك نەتەوەیێکی کۆن دەبوو خاوەنی فەرهەنگێکی
باڵای ڕیزلێگرتن بایە , ریزگرتن لە خۆی, لە سەروەتی مادی و مانەویی, لە خاك و وڵات, زمان و هەموو ئەو دیاردانەی کە نیشانەی بوونیەتی ؟! هەروەها ڕێزگرتن لەو مرۆڤانەی کە لە پێناو پارێزگاری لە بوونی گشتی، پارێزگاری لە فەرهەنگ و زمان و دیاردەکانی پێکهێنەری پێناسەی مرۆڤی کورد، هەنگاویان هەڵهێناوەتەوە.

تۆژینەوە ئەوە دەسلمینێ کە ویستی تاکە کەس یان دەستە و تاقم و گروپی جیا جیای دژ بە یەکی، یەکترنەویستی, نەیارخۆشەویست , زۆربەی کات زاڵ بووە بە سەر ویست و داخوازی گشتیدا. ئەم فکر و فەرهەنگە ئێزن نادا دور لە تاقم و دەستەگەری ڕێزی خزمەتگوزارانی نەتەوەکە لە هەر بوارێکدا بگێرێ، ئەوەش یەکێک لە نوقسانە سەرەکیەکانی بیری نەتەوایەتی ئەم پۆلە کەسانیە، جا لە ژێر هەر ناوێکدا بن. ژیان لە دەزگایەکی فکری و فەرهەنگی لەو چەشنەدا و لە کۆمەڵگایەک کە پەیژەکانی ئاوا دارێژرابێ بۆ مرۆڤی بیرمەند و خاوەنی هونەر دژوار و پر لە رەنجە.

ساڵی 1995 یەکە مین پرۆگرامی ئێمە بە بۆنەی 23ساڵ کاری هونەری ناسری رەزازی لە 16سپتامبردا لە شاری کۆلن پێشکە شکرا. لەم شەوەدا ریز لە دووکەس گیرا و دوو کەس سەرتاپا گوڵباران کران، یەکەم ناسری رە زازی و دووهەم مەرزیە خانمی فەریقی خیزانی کاك ناسر!

ساڵی 1996 بۆ شانۆی کۆچەربوو بە ساڵی حەسەن زیرەك. لەو ساڵەدا نزیك 700 گۆرانی زیرەک پاش ڕیکخستن بە گوێرەی ئەلف وبێ جارێکی تر لە سەر کاسێت تۆمارکرا و پاشتر گوێزرایەوە سەر CDوهەروەها نوسرایەوە! کتیب و رۆژنامە و کاسیتی ویدیو سەبارەت بە زیرەك کۆکرایەوە. لە گەڵ دەیان کەس لە کوردستان و دەرەوەی وڵات پێوەندی گیرا و گفت و گۆکرا. نووسراوەیەك لە سەر کار و ژیانی زیرەك بە زمانی کوردی(سورانی و کرمانجی), فارسی, ئینگلیسی و ئاڵمانی ئامادە کراو لە هێندیك رۆژنامە و گۆواردا بڵاو کرایەوە.

بۆ بە شداربوون لە فستیواڵی رۆژی 22ی نوامبر کەس لە کوردستان و شوێنی ترەوە بانگ کران, ئەوانەی دەرفەتی هاتنیان بۆ نەرەقسا، یان بە تەلەفون یان لە ڕیگای دۆست و هاوکارانمانە وە وتوویژیان لە گە ڵ کرا و پاشان کاسیتی دە نگ و ویدیوکان گەیشتە دەستمان کە ئەوانەش هاتنە سەر کاغەز.

رۆژی 22ی نوامبر بە ئامادە بوونی هونەرمەندانی بە ناوبانگ و کەسایەتی فەرهەنگی وهونەری کورد و ئاڵمان و نەتەوەی تر, 75مین ساڵی لە دایك بوونی حەسەن زیرەك بوو بە بیانوی رێزگرتن لە فەرهەنگ و ئاوازی کوردی کە لە خۆیدا رێزگرتن بوو لە دەیان شاعیرو نووسەر و هونەرمەندی ترکە هاوکار و دۆست و یاریدە دەری زیرەك بوون . ئەم هەنگاوە کە لە کۆلنەوە دەستپێکرد پاشان بوو بە رێگا بۆ ریزگرتنی راست و درۆ لە لایەن کەسان و دەستە و گروپ و سازی حیزبی و ناحزبییەوە.

بەرنامەی ئێمە ئەوە بوو هەموو ساڵێك لە رۆژی 29ی نوامبر ڕۆژی لە دایك بوونی حەسەن زیرەك رێز لە کەس یا کەسانێکی بواری موسیقی بگرین, بۆ ساڵی 1997 بریار بوو رێز لە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و قادر دیلان بگیرێ. ساڵی دووایە محەممەدی ماملێ و مەزهەری خالقی و هەر بەم چەشنە. بریاریش ئەوە بوو لە هەر ساڵێکدا لێکۆڵینەوە لە سەر کار و بەرهەمی ئەو کەسانە بکرێ و بە شێوەی کتێب لە چاپ بدرێ.

بەڵام سێ هۆ یەکەم دژایەتی و بایکۆت کردن لە لایەن دەستە و سازی سیاسی کورد و کەسانی رەنگاورەنگیانەوە , دووهەم هۆی مادی وسیەھ م چاوە ڕوانی زۆربەی کورد لە ئێمە بۆ سازدانی پرۆگرامی سەما و هەڵپەرکێی دور لە هونەر و بەرنامەی رابواردنی دور لە هونەر، ئێمەی هاندا ئەم مەیدانە بۆ فرۆشیارانی فەرهەنگی نزم و سیاسەتی تەپەسەری چۆڵ کەین!

ئەڵبەت کەسانی تر هەبوون و هەن کە هەمان خەم و ئاواتی ئێمەیان هەبووە و هەیە کە ئەوان شانسی باشتر لە ئێمەیان هەبووە ، ئەوان سیاسیانەتر جولاونەتەوە و کاری بە پێزیشیان کردووە و دەیکەن.

ئەم نووسراوەیە بەشێکە لە زنجیرەیەك کە بەرە بەرە دەخرینە بەر دەستی خوێنەران. گفت و گۆ لە تەك خانمی میدیا زەندی لە رێگای تەلەفونەوە ئەنجام دراوە و پاشان هەردوو گفت و گۆ بێ گۆرینی ناوەرۆك و مانا یاخۆد ڕستە بەو شێوە کە دەیبینن دارێژراوەتەوە.

لە رێگای ئەم نووسراوەیەوە ,چەندە ڕاستی دەردەکەوێتە هۆڵی؟! سوورانی زمانی لایەنەکان دەریدەخەن. هەر لەم نووسراوەیەدا لایەنی تاریك بەرچاو دەکەوێ کە هیواداریین ئەوانەی ئاگاداری کارو ژیانی زیرەك بوون بە تایبەت لە رادیۆکانی تاران و کرماشان ئێمە ئاگادار بکەن تا لە دەفتەر یا کتێبەکانی تردا چاپیان بکەین.

برایم فەرشی - ناوەندی شانۆی کۆچەر 1999,10,20

## 85هەمین ساڵی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک

رۆژی 2006/11/29   بەرانبەر بە (2706/9/8 ) ، 85 ساڵ لە رۆژی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک تێدەپەڕێ.

بە پێی ناسنامەی ژمارە 735ی ئیدارەی سەبتی ئەحوالی شاری بۆکان، حەسەن، شۆرەت زلە "بۆکانی"، ناسراو بە زیرەک، کوڕی عەوڵا زلە "بۆکانی" و "ئامین[1]" لە رۆژی 1921/11/29 لە گەرەکی سەر قەڵای شاری بۆکان، محاڵی ئاختاچی لە دایک بووە، رۆژی 1972/06/26 هەر لە شاری بۆکان لە ماڵی خوشکی لە خەیابانی سەقز نزیک مەدرەسەی بۆعەلی لە تەمەنی 51 ساڵیدا، بە نەخۆشی شێرپەنجەی جەرگ ژیانی لە دەست داوە و پاش ناشتن لە گۆرستانی گەورەی شاری بۆکان لە سەر ئیزنی ئیمام جومعەی شار تەرمەکەی لە گۆڕ دەردێنن و لە داوێنی چیای ناڵەشکێنە بە خاک ئەسپاردەی دەکەن.

ئەم کتێبە  کە بەسەرهاتی ژیانی زیرەک هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە زمانی دوو کەسی نزیکییەوە دەگێرێتەوە، بۆ یادی 75هەمین ساڵی لە دایکبوونی زیرەک ئامادە کرابوو کە ئێستا بە بۆنەی 85هەمین ساڵی لە دایکبوونییەوە، پاش دە ساڵ وەدرانگ کەوتن بۆ یەکەمجار بەم شێوەیە بڵاو دەکرێتەوە. هەر لەم زنجیرەیە پێشتر کتێبی" حەسەن زیرەک هونەرمەندی نەتەوەیەکی بن دەست" بڵاوکراوتەوە. پاش "زمانی دوولا"ش ئەگەر کات ئیزن بدات کتێبەکانی تریش هەر لە سەر کار و بەرهەمەکانی زیرەک بڵاودەکرێنەوە.

عەلی یاسەمنی و مێدیا زەندی باس لە زۆر رووداو دەکەن کە تا ئێستا لە هیچ شوێنێک باس نەکراون، زمانی دوولا بە تەنیا بەسەرهاتی ژیانی زیرەک نییە، بەڵکو گێرانەوەی بەشێک لە مێژووی سیاسی و رووناکبیری کوردستانە و ئاوێنەی بارودۆخی 75 ساڵ لەوە پێشی شاری بۆکان و موکریان و رۆژهەڵات و باشوری کوردستان هەتا ساڵی 1972 ە کە حەسەن زیرەکیش تێدا بەشدار بووە.

نووسەر و وەرگێڕی زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیسی رێزدار م. رەمەزانی  لە سەر داوای نووسەری ئەم دێرانە ئەم وتووێژانەی بە هاوکاری کاکم و کاکۆ فەرشی پێک هێناوە، سەرجەم وتووێژەکەی مام عەلی یاسەمەنی بە ویدئۆ گیراوە و وتووێژ لە گەڵ  خانمی مەدیا زەندی لە سەر کاسەتی دەنگ تۆمار کراوە کە هەرکیان پارێزراون. لە هەر شوێنێک  بە پێویستم زانیبێ بۆ روونکردنەوەی زۆرتر پەراوێزم لە کتێبەکە زیاد کردوە کە پێوەندی بە هەر سێ لایەنی وتوێژەکانەوە نییە و لە سەر نووسەری ئەم دێرانە حیساب دەکرێ.

ئەم کتێبەش جگە لە زیرەک پێشکەشە بە سێ مرۆڤی بەرز ، یەکەم هونەرمەند و مامۆستای موسیقا و گۆرانی، قادر دیلان و دوکتور فیرۆز فەروخ کە هەر کیان ئەرکی گەورەیان لە رێکخستنی فستیواڵی 75هەمین ساڵی لە دایکبوونی حەسەن زیرەک لە سەر شان بوو و سێهەم  هونەرمەند موجتەبا میرزادە کە رۆحی موسیقای زیرەک لە دەست و پەنجەکانی ئەودا شاردرابووە. میرزادە کە لە کاتی بەرێوەچوونی  فستیواڵی زیرەک لە ئەمرکا دەژیا و بە دڵ حەزی دەکرد بەشداری فستیوالەکە بێ، بەڵام ئیزنی هاتنە دەرێی لەو وڵاتە نەبوو. هەر سێی ئەو مرۆڤە بەرزانە  دور لە چاوەڕوانی و ناوەخت بەجێیان هێشتین. یادیان گەرم و زیندوو

رەزبەری ساڵی 2706

[1] ـ ناسراو بە ئامینە کەیفە. دایکی زیرەک ئینسانێکی کورد گوتەنی دڵ تەڕ بوو، تەنانەت لە تەمەنی باڵای پیریدا بەر لە مردنی حەسەن زیرەک بە خۆی رادەگەیشت و کەڵکی لە کل وکولتور و سووراو و سپیاو بۆ ئارایشتکردنی خۆی وەردەگرت و دایم بە جل و بەرگی رێک و پێکی کوردییەوە دەهاتە دەروەی ماڵ.



گەرانەوە بۆ پێرست




















ناوی کتێب: حەسەن زیرەک و زمانی دوو لا

بابەت: وت وویژی محەممەد رەمەزانی لە گەڵ مام عەلی یاسەمەنی و مێدیا زەندی

تایپ: ئە. سەدری

نووسین و ئامادەکردنی: ب. فەرشی

**ناوەرۆك**

گوتنیك لە هەزار
منالَی  لە بۆكان
دەركەوتن لە بۆكان
بەرەو سولەیمانی
بەرە و بەغدا
رادیۆی بەغدا
حەسەن زیرەكی تەقەلوبی
هاتن بۆ زەمبیل
گەڕانەوە بۆ ئێران و چوون بۆ رادیۆی تاران
مارەكردنی میدیا زەندی
رادیوی كوردی
موسافرخانەی حەقیقەت
زیندان و نەخۆشخانە
ئاوی شوتی زەرد و منداڵ
ئارەزووی زیرەك
عەكسی حەسەن زیرەك
پیشمەرگەی بارزانی و رادیۆی پەیكی ئێران
لە كرماشان
جیابوونەوە
ژنهینان
نەخۆشی
مردن
سەرەخۆشی
خەون
گواستنەوە بۆ سەر ناڵەشكێنە
دەرهێنان لە گۆڕ
چیرۆكی گۆرانیەكان
لۆركێ
خۆت مەكە بە ژێر چرپی و دارەوە
شەو
خۆم بە غولامی سیخمەی كۆن
دەچمە سەر ناڵەشكێنە
وەرە قوربان
كانی دۆڵ
نەمام نەمامە
یالآ شۆفیر
كەتانە
بیلە نگینە
لە سلیمانكەندی
نەغمە خانم
تەلەوزیونی كوردی
كەواو پانتوڵ
هەواڵیكی رۆژنامە
كۆترەكان
مامۆستا هەژار و زیرەك
دەرویش عەلی
**میدیا زەندی**
زیندانی مەراغە
رادیۆی كوردی تاران
مارەكردنی میدیا زەندی
ئۆركیستری رادیۆی تاران
رادیۆی كرماشان
ئۆركیستری رادیۆی كرماشان
تەلەوزیونی كوردی تاران
برینی مووچە
كوشتنی حەسەن عەلی مەنسور
نامەی شێخ عەبدولآی ئەفەندی
سكالاّ بۆ داداگا
كتێبی چریكەی كوردستان
نەخۆشی
عەمەلیات
پووڵ
گۆرستان
ژیانی نالەبار
زیندان
شمالكەبیر
مام جەلال
قەفەس
ئیلهام
27ژن
منداڵ, عەزیزی زەندی, كۆمەڵەی ژ.ك.
ئارەزوو, مەهتاب, ساكار, مەهناز
شەو  وباران بارانە
زەماوەندی كوڕی شێخ عەبدولاّی ئەفەندی
كەریم خۆشناو
دوكتور سەدیقی موفتی زادە
ئامێری موسیقا
عوسمان شارباژێری
هێلكە و دیوار و هەژار
مەحبوبە
عودی حەسەنی موحەقیق
هەژار
یادكردنەوە
ئیحسان نەوەی حەسەن زیرەك
عەلی مەردان لە كابارە شكوفەی تاران
مامڵێ, خالقی, شوكرولآ بابان
سەلاح داودە , محەمەد جەزا
پەردەلادان , كەم لوتفی
مەلا ستەفا بارزانی
ئارە زووی مەرگ

## گفت و گۆ لە گەڵ عەلی یاسەمەنی

**ع. یاسەمەنی** عەرزت دەکەم بەندە عەلیم پیدەڵین عەلی یاسەمەنی زەمبیلی, دایکی لە گەڵ دایکم خاڵوزاو پورزایە, پورێکی ئەو لە بەخەڵ ئامۆزایێکی مندا بوو! لە منداڵیوە پێکە وە بووین, ئەمن لە هەشت ساڵی نۆ ساڵیەوە هاتومەتە ئەو بۆکانە, لە ماڵی ئەوان زیاتر پەروەردە بووم لە گەڵ ئەو عومرمان رابواردوە !

### منداڵی لە بۆکان

لە منداڵی پێکەوە بووین, لێرە لەو بۆکانە , بە شاگرد مزگەر و بە شاگرد قاوەچییەتی و بە کاری نێوبازار دەمانگوزەراند. هەروا وردە وردە گۆرانی دەگوت و دەنگەکەی بروزی ساند, رەفیقی بۆ زیاد بوو, رە فیقمان زیاد کرد, هاتووچومان دە کرد, ئەم لاو ئەو لا دەچووین! خەڵك تالبی بوو, خۆشیان دەویست.,لە نێو خەڵکدا جێگای خۆی کردبۆوە. کە شایی و سوحبەت دەبوو, بانگیان دەکرد, لێرە دوو نەفەری لێبوو, بە ناوی "عەبە چاوش و حەمە حوسین" غەرقی رەحمەت بن, عەبە چاوش دەهۆلی لێدەدا و حەمەحوسین زورنای لێدە دا, کە حەسەنیان زانی ئاوایە, بانگیان کرد, کوتیان وەرە لە گەڵمان, کە ئێمە ماندوو بووین تۆ گۆرانی بڵێ با شایی یەکە تێك نەچێ!

حەسەن بەو جۆرە بەینێك لە نێوشارەکەدا هاتو چۆی کرد,لە پاشان کە باوکی و دایکی زانیان, هە ردووکمانیان بانگ کرد، لێیاندایین, چاکیان لێدایان, نەخڵەتین فێری گۆرانی بێژی و شایەری ببن! حەسەن کوتی بۆچی؟ باوکی کوتی:" ئەورۆ دەچن گۆرانیتان پێدەڵێن, سبەینیش فێری چاوشی دەبن, فێری لۆتیگەری دەبن, فێردەبن پوڵ لە خەڵکی وەرگرن!" کوتی ئاخە نالێن پوڵ حەرامە کە بە خەڵکدا هەڵبڵێین؟ ئێمە وەری ناگرین, ئێمە پوڵ ناستینین, ئێمە کە چووشین هەر لە رووومان نەهاتووە داوای پوڵ بکەین, فەقەت لە ئاخریدا سێحەب شایی یا کابرا بۆخویان شتێکیان داوینێ, "شەنگە جووشمان" لە گەڵ بوو, ئەوە لە وانەش بپرسن ,بابە, ئێمە پوڵ و شت وەرناگرین.
مودە تێکیش کە هاوین بوو دەچووینە کۆستە, میراوا, عەلی ئاباد, کولتەپە, شەوانە عەینی دوروێنە, جحێڵی بۆکان هاوسونفی خۆمان کۆدە بوینەوە ئەچووین لەوێ دەستمان دەکرد بە شایی و کچان و کوران کۆ دەبوینەوە رەشبەڵەکمان ساز دەکرد. بەینێك زۆر دەچوینە



کولتەپە حەسەن لەوێ ئافرەتێکی خۆش دەویست غەرقی رەحمە ت بێ، گەلێك جار هەڵیاندەبرین دەهاتینە سەر ئەو تەپە کە ئەلان جەنازەی موبارەکی, ئەوە لە وێیە. لە سەر ئەو تەپە بۆخومان هەڵدە پەرین, گۆرانیمان دەگوت و شاییمان دەگرت! دەیکوت فلان کەس ئەگەر من مردم تۆخوا لەو جێگە بمنێژن.
ئێمە لە گەڵمان دەکردە شۆخی. گەلێك جار لە نێو دێوە بە بەرد بە تەپاڵە وەشوێنمان دەکەوتن هەڵیاندەبرین! ئەمجار وای لێهات بۆ دێهاتیش دەیانبرد, حەسەنیان بانگ دەکرد, ئەمنیش لە گەڵی دەچووم. باوکی و دایکی بانگیان کردین زۆریان جەزرەبە داین کوتیان بۆ دێهات مەچن فێری کاری خراپ دەبن و سووك دەبن! دەبێ بزانین سووکایەتی ئێمە چییە؟ خۆ ئەودەم نە قومار بوو نە عارەق خواردن هەبوو. ئەو جۆرە شتانە نەبوو! دەیگوت شاباش وەردەگرن.
دەمانگوت بپرسن ئەگەر شاباشمان وەرگرتبوو گوێمان هەڵکە نن, بەوەش ئیجازەیان داین. هەر کوێیەك دەچوو گۆرانی بە کەسدا هەڵنەدەکوت, چاوشەکان دەیانگوت, پوڵیان بەوان دەدا. ئەگەر ئێمە دەچوینە ئەو مەجلسانە، ساحیبی شایی یان کەیخودا چەند پوڵێکیان دێنا لە باوەشی حەسەنیان دەنا.
ئەو وەختی دایرە و تار و ئەوانە لە بەساتدا نەبوو هەر دەهۆڵ و زورنا و تەپڵەکە بوو!چوارساڵان بەردەکەوێ ماشێنەکە دەکوژێتەوە ,دێتە خوار, زیر و هۆری گریان پەیدا دەبێ, منداڵ دەمرێ, لە ترسانە هەڵات بۆ عێراق.[2]

[2] ـ رەنگە ئەو چیرۆکە وانەبێ. زیرەک لە چریکەی کوردستاندا ئەم روداوە دەگێرێتەوە و باس لە کورێکی لاو دەکات کە لە سەر بارەکان سوار بووە و دەکەوێتە خوار و گیانێ لە دەست دەدا.

## دەرکەوتن لە بۆکان

بەینێك بەوانە گوزەراندمان هەتا ئەمنیە هاتە بۆکان[3] ئیدارەی ئەمنیە لەو قەڵایە بوو. حەسەنیان کە دەنگ خۆش بیستبوو, زۆریان بانگ دەکرد و گۆرانیان پێدەکوت، ئەمجارە دەستی لە رەفیقایەتی ئێمە هەڵگرت, کەمتر لە گەڵ ئێمە دەبوو.شاگردی و کاری نێوبازاری نەدەکرد.
دەوری پەهلەوی[4]کە شێوا لە گەڵ ئەوان یەك بوو, ئەسپی نەفەرێك بە ناوی حوسین زێڕێی رفاند و رۆیی چوو بۆ قاجر5 لە لای هوسین ئاغا بوو بە نۆکەر. خانانی هەرمیلە6 کە پیاوێکی دڕ بوو, پیاوێکی دانا بوو, دە سترۆیو بوو,خەبەری زانی و ناردی و هێواش هێواش دڵداری داوە و بردیە لای خۆی و کردی بە نۆکەری سواری. مودەتێکیش لە گەڵ خانان گوزەراندی. ئەمجار لە ئەو باڵاتر حاجی پاشاخانی مەڕخوز, دڵخۆشی داوە بردیە لای خۆی. دوو ماڵی بوو, ماڵێکی لە مەڕخوز, ماڵێکی لە سەقز, ناردیە سەر ماشێن, لە سەر ماشینی باری کاری دەکرد. ئێوارەێکیان کە لای رۆژئاوا دەبێ لەو سەربەرەوخواری مزگەوتی جامیعە دەرواتە خوارێ و تورمزی بۆناگیرێ ماشێنەکەی چەپ دەبێ و لە دیوارێکی دەدا, دیوار دەروخێ بە دێوی حەوشەدا, مندالێکی سێ چوارساڵان بەردەکەوێ ماشێنەکە دەکوژێتەوە ,دێتە خوار, زیر و هۆڕی گریان پەیدا دەبێ, مندال دەمرێ, لە ترسانە هەڵات بۆ عێراق.[7]

## بەرەو سولەیمانی

بۆ خۆی سەرگوزشتەی خۆی کە من لێم پرسیوە بۆی گێرامەوە,کوتی :
نزیکی سولەیمانی دێێکی گەورەم بە چاو کرد و بە یاد کرد, پرسیم ئاغای ئەو دێیە لە دێ دایە؟ کە گەیشتمە لای ئاغا کوتم میوانم , ئەمن کاریگەرم دەمەوێ کارزیکم پێبسپێری! کوتی جارێ بەینێك دانیشە, دانیشتم پاش سێ چوار رۆژ لێیپرسیم چکارێکت دەمێ؟ کەیفی خۆتە مەیتەریم پێدەکەی, گزیری و کوێخایەتیم پێدەکەی, دەشتەوانی و باخەوانیم پێدەکەی , هەرچیم پێدەکەی من لە خزمەتدام. بە مجۆرە عەلەلئەمری بووم , خۆشی دەویستم کاری سووکی پێنەدەسپاردم هەر لە ماڵێدا خزمەتم دەکرد و هەر وا بۆخۆم گۆرانیم دەکوت. دەوروبەر زانیان بە ئاغایان کوت, ئەو پیاوە دەنگی خۆشە, ئاغا بانگی کردم , کوتی دەبێ گۆرانیم بۆ بڵێی. گۆرانیم لە چاو عێراقی هەر بەکار نایات, ئیدی لەوە گەڕێ بۆ دڵتەنگی وناراحەتی خۆم گۆرانی د ەڵێم. دەبێ بۆم بڵێی کە گۆرانیم بۆ کوت, زۆری پێخوش بوو, ئیتر کاری سووکیان پێنەدەکردم بۆ هەر کوێیەکیشیان دەناردم دەیکوت دەبێ بە سواری ماشێن برۆی.
**م. رەمەزانی** تو ئەوانەت لە دەمی خوا لێخۆشبوو حەسەن زیرەك بیستووە؟
بەڵێ بەڵێ لە دەمی خۆیم بیستوە, یەکە یەکە نێویشی دەکوتن, کێ لە گەڵی چاك بووە, من ئەوەنەم نەدامەت بەسەر هاتووە لە بیرم نەماوە
**م. رەمەزانی** تەمەنت چەندە؟
تەمەنم ئێستا هەشتا ساڵە.[8]
**م. رەمەزانی** باشیشت لە بیر ماوە, فەرموو.
ئاغا کردمی بە نازر خەرجی ماڵێ, بە قاترێك ئەچووم لە سولیمانی شتم دەکرێ و دەهاتمەوە زۆر خەڵاتی دەکردم مواجبی بۆ زیاد کردم . لە سولیمانی مهمانخانەیەکی زۆر عومدەی هەبوو, کوتم وەڵاهی بە کاری من نایات ئازاد نیم, ئەمن دەچمە شار. هەرچۆنیك بوو ئیجازەم لە ئاغاکەم خواست و هەستام چوومە سولەیمانی . لەو مهمانخانە 6 مانگ کارم کرد. مانگ لە گەڵ مانگ حقوقەکەی بۆ زیاد دەکردم , پولێکم نا سەر یەك و ژنی بۆ هێنام . ئەمجار دۆست و برادەر و شوناس زۆربوو, لە دێ و لە شارو لە ئەترافەوە دەهاتن. کوتیان تۆ بۆ ناچیە بەغدا, ئیستگای کوردی کراوەتەوە.

---

[3] - ژاندارمەری
[4] - رووخانی رەزاشا
[5] - گوندی قاجر سەر بەشاری بۆکانە
[6] - هەرمیلە ئەو گوندەیە کە هێندێک نووسەری باشوری کوردستان بە هەڵە لە کتێب و گۆوارەکاندا بە شوێنی لا دایکبوونی زیرەکی ناو دەبن کە ئەساسی نییە.
[7] - رەنگە ئەو چیرۆکە وانەبێ. زیرەک لە چریکەی کوردستاندا ئەم روداوە دەگێرێتەوە و باس لە کوڕێکی لاو دەکات کە لە سەر بارەکان سوار بووە و دەکەوێتە خوار و گیانێ لە دەست دەدا.
[8] - مام عەلی لە ژیان دایە و دەبێ ئێستا(رەزبەری 2706) تەمەنی 90 ساڵ بێ.

## بەرە و بەغدا

بە رووی نابەڵەدییەوە هەستام ناسکێم هەڵگرت و چوومە بەغدا, خۆ نە من سەوادم هەبوو نە ناسکێ, بە شوناسی سولەیمانییەوە شوناسی دیکەمان لەوێ بوو, مهمانخانەێکیان بۆ هەڵدام وەك كافه شكۆفەی تاران كە سابیق بە نێوبانگ بوو, لەوێ دامەزرام و كارم دەكرد.
لە یادم بێ مدیری ئەومهمانخانە ئاغای جەعفەر ناوێك بوو. كوتی حقوقی خۆت جوێ بێ ,هی ژنەكەش جوێ بێ. ژنەكەت پەردە و لیباس و پەتوی مهمانخانە بشوات, بۆخۆشت كاری سەرپێیی نێو مهمانخانە و نەزافەت بكە. شەوانە كە كارمان تەواو دەبوو, قۆری چاییمان هەڵدەگرت و لە گەڵ ناسكێ دەچووینە سەربان هەتا ماندوو دەبووین گۆرانیمان دەكوت و چاییمان دەخواردەوە و هەستی خۆمان لە غەریبیدا دەرشت. دەرو جیران هاتبوون بە ئاغای جەعفەریان كوتبوو, تۆ نەفەرێك كاریگەرت هەیە دەنگی بێحەد خۆشە بۆ ئیستگە دەبێ, بۆ نەوار دەبێ , كوتیان كێیە كێیە ؟ عاقبەت لە نێو مهمانخانەكە كوتیان ئا ئەوەیە.
رۆژێكیان بانگی كردم كوتی حەسەن. بەڵێ! وەرە. چوومە خزمەتی, قەت لە لاشی دانەدە نیشتم زۆریشم ئیحترام دەگرت. چوونكە ئەو ئیحترامی منی لە لابوو. كوتی دانیشە, بە زۆر دایناm . دەبێ بەندێكم بۆ بڵێی بۆ برای خۆت. ئاخە دەنگی من لایقی ئێوە نییە گۆرانیتان بۆ بڵێم! ئەمن بە كاری ئەوە نایەم. تۆ بزانە ئیزگە چەندی دەنگ خۆش لێیە. كوتی نا دەبێ بۆم بڵێی! دوو بەندم كوت. كوتی بیڵێوە. دووبارە دوو بەندی دیشم بۆ كوت! كوتی بیڵێوە! ئەو چوار بەندەم بۆ كوت. كوتم ئاغا ئەوە من پێیدادەرۆم هەر هەوایەك بەندێكت بۆ دەڵێم هەركامێكت پێخۆش بوو, بفەرموو تكراری كەمەوە! دەستم كرد بە گۆرانی ئەوەندەی پێخۆش بوو, نیوسەعات من گۆرانیم لە سەر یەك بۆ كوت.
**م. رەمەزانی** ساحەبی مهمانخانە عەرەب بوو كوردی باش زانیوە.
كوردی باش زانیوە. لێی پرسیم, حەسەن تۆ دمبەگ و دایرە و تارو ئەوانەت نییە؟ نا وەڵا دەنگم قابیلی ئەوە نەبووە ئەوانە هەڵگرم. كوتی حەسەن دەنگی تۆ زۆر قابیلە, زۆر خۆشە. گۆرانی نەڵێیت هەستە برۆ سەركارت. زۆر ترسم لێ پەیدا بوو, ئەویش ماشینی رۆشن كرد و رۆیشت. كەوتە عەینی نەهار چوومەوە لە گەڵ ناسكێ نان بخۆم, كوتی حەسەن بۆ وا ماتی؟ وەڵا حاڵێكی وایە. ئاخە نەمگوت مەیڵێ, بەدبەخت نەمگوت مەیڵێ, بەدبەختمان دەكەی.
كارنیە خوا چاكی نەكات. بزانین چۆن دەبێ. سبەینێ هاتەوە دەستێك لیباسی بۆ هێنام, خەڵاتی كردم. كوتی حەسەن ئازادی گۆرانی بڵێی ئەوە مودیری مهمانخانەكەشم دا بە تۆ. من قابیلی مودیری نیم. چونكە من بێسەوادم. كوتی نا سەواددارت لە بەردەست دایە, وەڵاهی بیلاهی ئەم شكەم پەڕی، خەڵكی ئێراق تۆی نەبوژاندووە, تۆ پەروەردەی ئێرانی. جا حەسەن راستیم پێبڵێ هی چ مەنتەقە و چ مەمملەكەتێكی؟ برای من بابی من ئێران گەلێك گەڕاون بۆ خۆم ئێران كەم چووم.
خەڵكی بۆكانم. كوتی خودی بۆكان ؟ بەڵێ. كوتی ئەو دەنگە هەر قابیلی بۆكانە , تۆش قابیلی بۆكانی. زۆر خۆشحاڵ بوو راستی خۆم پێ كوت.
ئەمن تەسادوفێكی ئاوام كردوە لەوەدا هەڵاتوم . كوتی ئەو خیزانەت؟ خیزانەم خە ڵكی مەنتەقەی سولەیمانیە. كوتی زۆرچاكە جومعانەش خۆت و خیزانت پاش نوێژی مەرمخەسی، ئازادی. مهمانخانە وای لێهات سبەینانی جومعە بەر نەدەكەوت هەرچیش دەهات, دەبێ ئاغای زیرەك گۆرانیمان بۆ بڵێ. دەنگەكە گەیشتەوە بە رادیۆ.

## رادیۆی بەغدا

رۆژێكیان بانگیان كردم كوتیان وەرە ئەو دەستە كە لەو ساڵۆنە لە دەوری ئەو مێزەن هەموو كارمەندی رادیۆن, هەتا رەییسەكەیان لە گەڵە, كوردەكانیان لە گەڵە, عەلی مەردانیان لە گەڵە. عەلی مەردان یەكێكی
چۆنە ؟ چ جورە؟ یەكی چوارشانەی پان و پۆرە, چاو و برۆ رەشە, عومری كاملە, چەتوو ئاغابانوی بەسەرەوەیە.
**م. رەمەزانی** كاك كەریم لە كتێبەكیدا نێوی چەند كەسێك هەڵدەدا عادل عیرفان, نشات عەبدولڕەحمان. ئەوە ئەو شەو كوتم نەوارەكە دەگرم بكەوێتە بیرم!؟
چوومە لایان , سڵاوم لێكردن, بەخیرهاتنی كردم و عەلی مەردان فەرمووی حەسەن گۆرانی بڵێ. جا من لە موتابقی ئێوەدا چ بڵێم؟ گۆرانی من چ قابلی ئێوەی هەیە! كوتی نا پێمانخۆشە بیڵێ. ئەوەندی بیزانم سێ چوار بەند دەڵێم لە هەر بەندێك پێتان خۆش بوو بڵێ دوبارەی كەمەوە. رۆیشتم پێیدا, هەر

قامکی هەڵینا , کوتی بیڵێ, رۆیشتم, هەرقامکی هەڵینا, کوتی بیڵێ, هەر رۆیشتم , قامکی هەڵینا هەتا گەیشتمە, کەویار کەویار دووجار پێیان تکرار کردمەوە.
کوتی حەسەن پاش نوێژی جومعە لە گەڵمان وەرە بۆ رادیۆ. بێ ئیجازە ناتوانم. کوتی , پاش نوێژی جومعە ئیجازەی ناوێت, خێزانت مەهێنە با لێرە بێ دەرگای خۆی داخات، تۆ وەرە بۆ رادیۆ. کە چووین بۆ رادیۆ پاشی قسە و سوحبەت, کوتیان گۆرانی بڵێ. گۆرانی دەڵێم بە شەرتێك زەبتی نەکەن، مودیرەکەم بزانێ دەرمدەکات و ئابڕوشم دەچێ. کوتی, مەترسە , زەفتیشی ناکەین. یەك دووجار بەو جۆرە بردیانم, من گۆرانیم لەوێ بۆ کوتن هەر دڵخۆشیان دامەوە, ملایم بومەوە واجبی زۆریان بۆ قەرارداد کردم . دووشریتم ئەم دیو ئەو دیو ئیفتیخاری پرکردە وە. بەو ئیفتیخاریە دوازدە دنیاری ئەو دەم جایزەیان دامێ. ئەمجارە کە بۆ خۆیان هاتن کەوتنە ژیروژوور, دڵی ئاغای جەعفەریان لێنەهیشاندم ئیجازەی دام چوومە ئیزگەی رادیۆ. عەلی مەردان پشتیوانی من بوو ئوستادی من بوو.
**م. رەمەزانی** بەڵێ عەرزت بکەم مانگێ چوار گۆرانی وتوە.
دوای دوومانگ وتویەتی ئەمن هونەرهای زیبام لازم نیە, ئەمن تەمرینم ناوێ, بانگم کەن بڵێن بیڵێ.
ئەگەر وام وت عەلی مەردان ئەولا و ئەو لای ماچ کردم. عەلی مەردان کە ئوستاد بوو بە بی تەمرین نەیدەتوانی گۆرانی تەحویل دا. لەوەدا گەلێك گۆرانیم تەحویل دا.
**م. رەمەزانی** شەکر لە نێو کەلامتدا، ئەو حاڵەتەی ماموستا حەسەن زیرەك زۆر لە هاوریکانی باسی دەکەن. بۆ وێنە لە نەوارێکی ویدیودا قودرەتی ئاغابی ئەو کەسەی کە نای بۆ لیداوە دەڵی, زۆر هەوا هەر ئاوا بە میشکیدا دەهات و دەرۆیی , زۆرجاری وابو دەدیت لە سەعاتێکدا چەندین هەوا بە مێشکیدا دێ و دەروا. کاك کەریم خۆشناو لە بیرەوەرییەکانیدا, دەڵێ رۆژێکیان هەوایکی بۆ کوتم زۆر گرتمی زۆر کاری تێکردم کوتم ئاخ بریا زەبتەکەم پێبوایە ,کە چووینەوە ماڵێ زەبتم سازکرد و وتم دەی بیڵێ. لە بیرم نەماوە, فلانکەس ئەو هەوایە بە مێشکمدا دێ و دەروا. تۆ چی دەڵێی وە ك....!
هەمووی عەرزت دەکەم , هەمووی عەرزی برادەری خۆشەویستی خۆم دەکەم. کە ئەو نەزەریاتی چۆن بوو, چ هونەرمەندێك بووە.
هات بە سەردا مەلك دەزگیرانی دیاری کرد، لەوەدا گۆرانی بۆ مەلیك دانا. خۆ گۆرانیەکانتان بیستوە؟ چکول شازادەی ئێرانی دانا بۆ کوڕی شا, لەوێش بە مەلکی دا هەڵکوت, نەوارەکەی ماوە نەواریشی بوو.
کە ئەو گۆرانییەی بۆ مەلیك دانا مەلیك دەستێك خانوبەرە و چەند دیناری جایزە دابوویە, ئەو خانوبەرەیان بۆ سەبت کرد.ئیدی لەوەدا یەك خۆشەویست بو, جا ئە ئاوا گوزەراندی.

### حەسەن زیرەکی تەقەلوبی

کە دەوری مەلیك بە سەر چوو, ئیجازەی خواست هاتەوە بۆ ئێران , ساڵێك کەرەتێك، مانگێك , چل شەو دەهاتەوە, لەم سەر و لەو سەر دەهاتە زەمبیل. من چاپەزی ماڵی سەیدی زەمبیل بووم, شایەر دەهاتن, دەیانگوت ئەوە حەسەن زیرەکە, ئەمنیش دەچووم بەخیرهاتنم دەکردن و چایم بۆ دادەنان و خزمەتم دەکردن کە جەنابی سەید و کوڕانی جەنابی سەید لێیان دەپرسیم , دەمووت بابە بە خوا حەسەن زیرەك نیە و گۆرانیشی پێدەڵێن یان ناڵێن کەیفی خۆتانە.
**م. رەمەزانی** گۆرانی دزین نەبوو بەڵکو گۆرانیبێژ دزین بووە.
گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك بوو, هەواکەی هەو نەبوو.
**م. رەمەزانی** جەعلی بوون کازب بوون.
دەیانگوت شتێکیان بدەنێ با برۆن دەرۆیشتن, چەند جارێك ئاوا بەمجۆرە ئەو موقەدەرە من بە چاوی خۆم دیم, چەند دەستە شایەرێك دەهاتن ئاوا نێوی خۆیان دەنا حەسەن زیرەك و حەسەن زیرەکیش نەبوون.

### هاتن بۆ زەمبیل

دەفعەیەکیان بەرە و بەهار بوو, بەفرباری بوو, بەفر بە سەر بوو, ئەمن و کوڕەکانی جەنابی سەید و نۆکەر و ڕەعیەت و شتمان بردبو بۆ خلیسکێن , ناگا بانکیان کردمەوە کوتیان, عەلی وەرە میوان هەیە سەماوەرکە تێخە. کوتم کێیە ؟ کوتیان حەسەن زیرەکە. کوڕە کوتم حەسەن زیرەك نیە, حەسەن زیرەکی موتەقەلبییە, درۆیە. عەلی شا کوتی وەڵا نایەینەوە.

عەلی شا کوڕی سەیدی زەمبیل کوتی عەلی بچۆ ئەگەر حەسەن زیرەك بوو لەوێ دەست هەڵینە ئێمە حاڵی دەبین و دێینەوە. ئەگەر هاتم لە پشت دەرگاکە گوێم هەڵخست و تەماشم کرد کە کۆخی دەنگیم ناسی , چوومە ژوور ئەولا و لای یەکترمان ماچ کرد, نوکەرەکان موتەحەیرمان , کوتیان بابە ئەوە حەسەن زیرەکی راستیە. ئەوانەی ساڵی سێ چوار دەستە دێن حەسەن زیرەك نین.
**م. رەمەزانی** پێغەمبەری درۆین بوون.
عەلی شا هات, کوتی عە لی بچۆ خەبەر بە مام و بە باوکم بدە, تۆ نەچی باوەڕ بە کەس ناکەن. چوومە ژورێ، عەرزی جەنابی سەیدم کرد, قوربان حەسەن میوانی ئێمەیە. حەسەن کێ؟ حەسەن زیرەك!
کوتی بە راستی عەلی باوەڕت پێبکەم یان وەك ئەوانی دیکەیە؟! وەڵا قوربان ئەوە بە حەسەن زیرەك دەزانم , ئەوە حەسەن زیرەکە.
فەرمووی, ئەگەر وایە قەند وچای بەرە سەماوەرەکە هەڵکە, منیش دێمە سەرێ , زۆر خۆشحاڵم مزگێنیشت کەوتوە, ئەگەر حەسەن میوانی من بی. وەڵا قوربان ئەوە نەفەرێکی بۆکانیشی لە گەڵە, ساك و دەفتەر و شتی بۆ هەڵگرتوە.
هەتا نەهار کرا دانیشتن, کوتی حەسەن جارێ گۆرانیت پێناڵێم ماندووی, شەوێ دێمەوە لە گەڵ تۆ شام دەکەم. حەسەن زۆر خۆشحاڵ بوو. کوتی عەلی پاش نەهار سواربە بچۆ بۆ گەردیگلان بە سەیدکامیل بڵێ بێت بۆ ئێرە, حەسەن زیرەك لیرەیە, ئەگەر تۆ نەچی نۆکەرەکانی دی بنێرم باوەڕیان پێ ناکا, کامیل حەسەنی لە من زیاتر خۆش دەوێ.
هەستام سوار بووم چووم لە گەردیگلان بە سەید کامیلم کوت, سەید کامیل لە ئەوەڵەوە بە دروستی خەڵاتێکی چاکی منی کرد, سوار بوو لە گەڵ من هات بۆ زەمبیل. هەفتەیەك حەسەن زیرەکیان مەرەخەس نەکرد, قەولی دا بە ماڵی جەنابی سەید, کوتی ئەمن دێمەوە لێرەوە دەرۆمەوە بۆ عیراق, لە عیراقیشەوە بێم , هەتا نەیەمە ئیرە ناچمەوە بۆ بۆکان، بۆ شاری خۆم. خولاسە کورتی ببڕینەوە دوو سێ سەفەری بەم جۆرە کرد.

## گەڕانەوە بۆ ئێران و چوون بۆ رادیۆی تاران

ئاخرین سەفەری کە هاتەوە لە عیراق کوتی قوربان ئیجازەم بدە, ئەچم بۆ بۆکان , ئەم سەفەرە 18 رۆژیان مەرەخەسی دامێ و دەشچم بۆ مەهاباد, لە جوابدا من کوتم حەسەن گیان دەچی بۆ مەهاباد, زەمانی دیمکرات بەسەرچووە, ئەچی بۆ لای کوڕەکانی عەزیز ئاڵمانی, میرزا حسین, میرزا برایم و میرزا م. رەمەزانی ومیرزا رەحیم لە تارانن. کوتی هەی نەبی. کوتم بە خوا. ئاخە وەکیلی دیموکرات نەبوو؟ کوتم بەریوەڵا وەکیل بوو رۆیی. برادەر و خۆشەویستی کەم هەیە کە نەچم موشکلۆزمەیان دەبم, هەر دەبێ بچم.
حەسەن بۆ سبەینێ خوداحافیزی خواست و رۆیی, لە مەهابادەوە بە تەلەفون لە گەڵ میرزا رەحیم و ئەوان قسە و چاك و خۆشی دەکا. ئەوانیش لەوێ فەورەن رەییسی ئیزگەی رادیۆ نەفەرێك دەبێ بە ناوی موبەشیری, حاڵی دەکەن , دەڵین حەسەن زیرەك هاتوە و لە گەڵ ئێمە برای هەمشیرەیە, ئەوە حەولمانە کە بیهێنین بۆ ئێرە, ئەویش دەڵێ, خۆمن ئاوازەکەیم بیستوە بیحەد پێم پەسەندە. ئێمەش حەولی کوردیمانە, هەرچی دەنگ خۆش بێ هیچی ئەو ناگرێتەوە. خولاسە بە شەهردار و ئەو رییسانەی مەهاباد حەسەن دەبن بۆ تاران.
بانگی دەکەن بۆ ئیستگا دەڵین ,دەبێ گۆرانیمان بۆ بڵێی. بە سەرچاوان من ئیجازەم هەیە دوو نەوارتان ئیفتخاری بۆ بڵێم. وەڵا جایزەت دەدینی. نەوەڵا جایزە و شتم ناوێ.
دوو نەوارم پڕکردەوە بە بێ دایرە وتەمرین , دانیشتن مەجلیسی بۆم کوتن . ئاغای موبەشیری و تەواوی ئیستگای رادیۆ پەسەندیان کرد, پییان خۆش بوو, قسمەتیك لەو گۆرانیانەیان فەوری بڵاو کردەوە.

## مارە کردنی مێدیا زە ندی

شەوانە لە گەڵ کوڕەکانی ئاغای دوکتور بوو, دڵخۆشیان دەداوە مەرۆ بۆ ئێراق وا دەکەین و وا دەکەین. دوکتور کوتی حەسەن ئەگەر مەنزورت ئەو ژنەیە, گەسکە کۆتەرەت بۆ دەنێمە سەربار وبە ماڵەوە بۆت دێنمە ئەو تارانە. ئەمن مەدیەی کچی خۆشمت دەدەمێ.
میرزا رەحیم و وان کوتیان, وەڵاهی ئێمە تەشەکورت دەکەین کە حەسەن نەرواتەوە و کچی ئێمە بخوازێ و لە گەڵ ئێمە ببێتە برایەکی یەکجاری. بەو جۆرە رازیان کرد نەچۆوە. مێدیا خانمی مارە

کرد, ئاغای دوکتور مێدیا خانمی بە تەواوی ئەساسی ماڵەوە, لە گەڵ خست و دوو وەتاخ و هاڵێکی بۆ فەرش کردو مورەتەب لە وێ داینا. هەردووکیان گوێندە بوون لە رادیۆ.
زستان رۆی وکەوتە دەم و بەهار, ئەمنیش لە زەمبیلەوە ماڵەکەم هاتە ئەم بۆکانە. خەبەری منی زانی, کاغەزی نووسی لە کاکە مینە[9], عەلی هەرچی هەیەتی بیفرۆشی وبێتە ئێرە, من و مێدیا لێرە جێگامان زۆر خۆشە و مواجیبیشمان زۆرە, بەرنامەمان لە تەلەوزیون و لە رادیۆش هەیە. منیش لە گەڵ خیزانم هەستام سواری قەتار بووم چووم بۆ تاران. زۆر پێی خۆشحاڵ بوون کاك حەسەن کوتی, براله ئەمن هەمیشە پێم ناکرێ لە گەڵ مێدیا بچم بۆ ئیستگە, مێدیا دەبێ هەموو شەوێك بچێ, رۆژی وایە من مهمانم دەبێ , رۆژی وایە کارێکی ئیداریم هەیە ,ناکرێ و مێدیاش نابێ بە تەنیا بچێ, براکانیشی بۆیان ناکرێ لە گەڵی بن, دەبێ لە گەڵ مێدیا بچی بۆ ئیدارە و خیزانیشت نان و چاییمان بۆ سازکا. هەر چوارمان مودەتێك لەوێ زۆر بە خۆشی گوزەراندمان.

### رادیۆی کوردی

شەوانە ئەم دەمانە 7و8 ئێوارە کە وەختی بەرنامەی کوردی دەهات دەچووین. کە بەرنامەی هونەرهای زیبای بوبیایە لە سەحات 6و8 سبینان دەچووین بۆ هونرهای زیبا. ئەگەر شەوێك کاك حەسەن پێیکرابایە بۆ خۆی دەچوو من هەر لە ماڵێ دەبووم.

### موسافرخانەی حەقیقەت

شەوانە وابو کار لە رادیۆ یان لە تەلەوزیون درەنگ تەواو دەبوو, کە دەرویشتینەوە, دەیکوت نەخێر جاری بچین سەرێك لە موسافرخانەی حەقیقەت هەڵێنین بزانین برادەری کوردی لێیە, کوردی ناسیاو نەناسیاوی لێبایە غەیری موومکن بوو حیسابەکەی دەبەست و دەیبردەوە ماڵێ, ئاغای مودیرەکەی دەیکوت ئاغا پوڵی داوە، کریی مەنزلی داوە. دەیکوت هەرچێکە بە عۆدەی خۆم , ئەمن دەیبەمەوە, ئەوە میوانی منە.
هیچ شەوێك وانەبوو بە بێ میوان بچینەوە. لە کوردستانەوە, چ لە شیمال وچ لە نێو تورکان, چ لە مەنگور, لە گەورك لە دێبوکری لە فەیزولابەگی بە واسیتەی زەمبیلەوە کە من لەوێ فەراش بووم و ئەوانەم دەناسییەوە, ئاغا و رەعیەت, شارستانی و فەلا هەمووی دەهاتن. هەرچی دەهاتە تاران نەهارێك, شامێك میوانی حەسەن زیرەك دەبوون, میوانی بێحەد زۆر بوو.

### زیندان و نەخۆشخانە

دادەنیشتین یەك ناگا نەفەرێك دەهات, دەیکوت لە زیندان مەرەخەس بووم پوڵم نیە, فەورەن بۆ خۆی سەد100تمەنی دادەنا سەر کەشەفێك, ئەو وەختی سەدتمەن بە 5000, 6000ی ئێستا بوو, دەگەڕا پوڵی بۆ کۆدەوە هەرکەس بە ئەندازەی خۆی 20و30 و10 تمان کابرای بەرێ دەکرد. خەبەریان دەدا نەفەرێك لە زیندانە, حەسەن زیرەك دەخوازێ, دەیکوت عەلی بابرۆین , دەچووین بۆ زیندان جا یا بە زەبری پوڵ یا بەزەبری زمان یا بە زەبری کاغەز و ئیدارە, نەجاتی دە دا.
دڵ ئاوا بوو! چەند دۆست و ژنبراکانی و برادەری وەك ئێوە نەسیحەتی ئەو کابرایەیان دەکرد, کا حەسەن تۆ داهاتت زۆرە مواجبت زۆرە مواجبی یەکتان پەزمەندە بکەن, بەعدەن ئەولادتان دەبێ, یا بتان بێت یا ماشێنت ببێ. دەیکوت کوڕە لێم گەڕین خوا ئەمنی لەو حاڵە گەیاندۆتە ئەو حاڵە, ئە ئەوە کە خزمی خۆمە, برای هاوشیرمە لە گەڵم بووە شاگرد قاوەچی بووم , جاری وابووە باوك و براکانم دەریان دەکردم, ئەچووم لە پشت دەرگاکە دەپارامەوە عەلی دەرگاکەم لێ پکەوە جێگا نیە لێی بخەوم, باوکم رێگام نادا, کاکم دەرم دەکات, ئەمن ئاوا بووم, ئەلان بەو مەرامە گەیشتووم دەعیە و تەکەبورم لێ پەیدا بێ؟ ماشێنم بۆ چییە؟ سەروەتم بۆ چییە؟هەرچی ماڵی منە هی خەڵکە و هی خەڵکیش هی منە. هیچ پەزمەندەی نەبوو. دەیانکوت حەسەن گیان ئەوە نەخۆشە, لە نەخوشخانەیە, دەرۆیی ئەو نەخۆشەی مەعلوم دەکرد, کێیە خەڵکی کوێیە, هەر بە نێوبانگ حەسەن زیرەکیان بۆ هەڵداوە, نەیدەناسین بە پوڵی خۆی بۆی جێ بە جێ دەکرد, پوڵی دوکتوری بۆ دەدا و بەرێی دە کرد. پیاوێکی ئاوا سەخی بوو.

---

[9] ـ حەمەدەمین ناسراو بە مینە زیرەک، براگەورەی حەسەن زیرەک کە لە بۆکان رستوران و کورد کوتەنی مەیخانەی هەبوو، ئەویش وەک براکانی و خوشکەکەی دەنگی خۆش بوو.

## ئاوی شوتی زه رد و منداڵ

چووین بۆ پارکێك لە پارکەکە بە پیادە هاتینە خوارێ, تەماشامان کرد سەگێك ترەکی بوو, سی چوار توتکی بوو, قەدەرێك لە لای راوەستاین و توتکەکان کایەیان لە گەڵ دایکیان دەکرد, داکەکەیان دەمژی، دایکەکەیان بەم دیو و ئەو دیودا دەکەوت. کوتی مێدیا وەرە ئەوە چ دەکەی؟ حەسەن تەماشای کە ئەوە بەچکەکانی خۆی چەند خۆش دەوێ. ئەگەر من و تۆش بەچکەمان بوایە وەك ئەوە خۆشماندەویست، ئەشا ئەوە بەچکەکانی خۆی چەندە خۆش دەوێ. دە خودایەگیان بەچکەیەك بدە بە ئێمە. مێدیا تەمەنا لە خوا بکە. تەمەنا لە خودا دەکەم ,لە خودا دەپارێمەوە, خودایە ئەوە سێ چوارێکت داوەتێ فەقەت دانەیەك بدە بە من.
هاتینەوە ماڵێ. عەلی دەڵێن ئاوی شوتی زەرد زۆر باشە بۆ ئەو کارە ژن پێی حاملە دەبێ, دەبێ لەوەختی شوتیدا بچی شوتی زەرد بێنێ. کوتم ئای ئەوە چ تەبلیغاتێکە بۆ تۆیان کردوە. ئەمن بۆ خۆم دیومە هەر دور نەچین نەفەرێکی مەهابادی کە چوار ژنی هێنابوو نێوی وەستا شەریف بوو ناڵبەند بوو, هاتە خزمەت جەنابی سەید کوتی, قوربان چوار ژنم هێناوە منداڵم نابێ, ئەلانیش ژنم هێناوە بەراستی زۆرم خۆش دەوێ, عومریشم ئەوە کامل بووە, ژنەکەم جوان و جحێڵە زۆرمان دڵ بە ئەولادەوەیە. فەرمووی بە شەرتێك من دۆعات بۆ دەنووسم کە دۆعاکان بەعەمەل بێنی, ژنەکەت هەتا حاملە نەبێ مەیەوە ئێرە. دوعای بۆنووسی ڕۆیشتوو ژنەکەی حاملە بوو هاتەوە زەمبیل.
حەسەن تۆ بۆچی عەقیدەت بە شوتییە؟ کوتی بە قسەی تۆ دەکەم, ئەگەر وایە تۆ دەچێوە بۆ کوردستان دەبێ بچییە لای جەنابی سەید حاڵی ئێمەی عەرز بکەی, دیارە ئەو لوتفی هەیە ومنی خۆش دەوێ!
منیش هاتمەوە زەمبیل عەرزی جەنابی سەیدم کرد, فەرمووی عەلی من ئەوە دوعات بۆ دەنووسم فەقەت دەبێ دەستوراتەکەی بۆ خۆت پێیان بەجێ بێنی وپێی بڵێی نەیاتەوە هەتا مێدیا حاملە دەبێ کە حاملە بوو بێتە ئێرە بۆ خۆم قسەی لە گەڵ دەکەم.

## ئارەزووی زیرەك

مێدیا خانم خودا دایە و حاملە بوو هات بۆ زەمبیل. ئەو وەختی چرای تۆر لە کوردستاندا سابقەی نەبوو سێ چرای سیتۆری و سەماوەری گەورەی نەوت وەك سەماوەری قاوەخانە بە دیاری بۆی هینان, چەند فەرشی نایابی بۆ ماڵی جەنابی سەید و ماڵی سەید کامیل هێنا بەوە شادمانیەوە کە خوا ئەولادی داوەتێ.
ئەوانەی کە هێنا یان نەوزوهور بوون لە کوردستاندا هەرچی ئاغاوات دەهات ئەو چراسی تۆرانەیان دەدی زۆر موتەحەیر دەمان, ئەو سەماوەرە گەورە نەوتیان دەدی عەجایب دەمان. سەرو سەختی لە گەڵ ماڵی جەنابی سە یددا داخست, جەنابی سەید بێحەد موحەبەتی لە گەڵی بوو, کوتی حەسەن برۆوە ئەگەر هاتە عەینی حامل بوونی وەرە وە بۆ ئێرە، دەبێ مێدیا لێرە منداڵی بێ. بەڵێ کەوتە وەختی خۆی مێدیاخانم هاتە باری حەمل , هاتە زەمبیل, لە زەمبیل ئەو مەهتابەی بوو, تا چلەی نەچوو مەرەخەسی نەکرد. حەسەن رۆیشتەوە مێدیاخانم هەر لەوێ بوو.

## عەکسی حەسەن زیرەك

**م. رەمەزانی** تۆ ئەو عەکسەت کەنگێ لە حەسەن زیرەك وەرگرت؟
کە مێدیا خانمی مارە کرد, چوومە تاران , لە شادمانی ئەوەدا ئەو عەکسەی دا بە من, کوتم شەرتە هەتا بەقای من زیندوو بێ, بیدەم عەکسی لە بەر هەڵگرنەوە, فەقەت ئەو عەکسە دەبێ لە گەڵ من بێ هەتا دەمرم.
**م. رەمەزانی** لە بیرت نیە ئەو دەمی ئەو عەکسەت وەرگرت چی پێ کوتی؟
کوتی ئەوە یادگارە بە بێ شتی دیکە ئەوەت هەر دەبێ بمێنێ . کوتم دەبێ ئەو عەکسە هەتا بە حەیات زیندوو بم هەر بمێنێ هەتا عەکسی لە بەر بگرنەوە, مانعی کەس نابم فەقەت حازر نیم بیبەخشم.

## پیشمەرگەی بارزانی و رادیۆی پەیکی ئێران

ماڵی سەید کامیل و کوڕانی ئەو تابیع بە مەلا مستەفا و بە کوردیەت بوون, دڵخۆشی حەسەنیان داوە کە بینێرن بۆ عێراق و مەلا مستەفاش بینێرێ بۆ سەر پەیکی ئێران. خۆ پەیکی ئێرانتان بیستوە؟

**م. رەمەزانی** بەڵێ بەڵێ.
وەبیرتان دێ مەلا حەسەنی رەحمەتی مەلاحەسەنی قزلجی؟
**م. رەمەزانی** نوری رەحمەت لە قەبری نووسەری بە ناوبانگ و چیرۆك نووسی کورد!
بە نێونیشانی مەلا مستەفا کاغەزیان بۆ ناردبو, خۆی و خێزانی نەقڵ کات وبێت بۆ ئێرە. زستانەکەی سەخت بوو, دەمە و بەهار بوو, ئەمنیش لەو وەختەدا لە زەمبیل نەمابووم , لە بۆگەبەسی قاوەخانەێکم بوو حەسەن هاتوچۆی زەمبیل و قاقلاوای دەکرد. مێدیا خانم لە بنەوە خەبەری بە من دا. کە خەبەرم زانی هەستام بە عینوانی دیدەنی وناسازی رادیۆکەم چوومە قاقلاوا, کوری سەید کامیل دەستی رادیۆ سازی هەبوو, پرسیم مەوزوع چییە؟ کوتی دڵخۆشی حەسەنیان داوەتەوە بۆ سەر پەیکی ئێران, کە بچێ بۆ عێراق و لەوێ مەلا مستەفا بینێرێ بۆ سەر پەیك, حەسەنیش دەڵێ هەر بە نێو کوردە وەیە. ئەمنیش چوار برا و تفلێك بە جێ بێڵم بەو زستانە, خودا دەزانێ کوردیەت سەر دەگرێ یان نا!؟ وەڵاهی پەشیمان هاوارم بۆ تۆ هێناوە تەکلیف چییە؟ کوتم ئەمن جێ بە جێی دەکەم. هاتمەوە بۆگەبەسی و ئەو شەوە بە مەخفیانە پیاوێکیان ناردەوە لە دووم, چوومەوە قاقلاوا, ئەسپێکی چاکم بوو. کوتم مەوزوع چییە؟ کوتی هەشت پێشمەرگە هاتوون لەو دێهاتانە دامەزراون کە ئێمە سوارکەن و بەرن و برۆن! من ئەو شەو دەگەرێمەوە عیلاجی دەکەم تۆ خۆت نەخۆش خە، بڵێ با ئەوانیش ئیستراحەت بکەن. کوتی تەگبیر؟ من نەجاتتان دەدەم . کوتم کاك حسین , کاکە مینە نەیانزانیوە؟ هاتمە بۆکان کاکە حسین مەوزوعێکی وایە کوتی های نەبێ. ماشینێکی باری هەبوو, ماشێنی سەواریشی بوو, قورو چڵپاو و سەخڵەت بوو جادە ناجور بوو ماشینە باریەکەی هێناو من هەتا بۆگەبەسی لە گەڵی رۆیشتم ئەو رۆیی بۆ قاقڵاوا. کاك هوسین دەڵێ دایکم نەخۆشە, کاکم نەخۆشە, ئێوە چەند شەوە لێرەن دەبێ بێنەوە، بە خودا دایکم لە وانەیە بمرێ، کاکم نا سەرماخوردەگیە ئەمان دایکم زۆر هیلاکە. شت وەمەکیان هەموو خسە ماشێنەوە. ئیدی بەودا نەبێتە درۆ نازانم لە کورانی سەید کامیل یان کەسێکی دیکە هاتوونە چۆمی زەمبیل, کە شایەد ئێوە بەڵد بن یان بەڵەد نەبن, قۆرخ و داری زۆر بوو, لەوێدا تفەنگچی خۆیانداگرت کە ماشێنەکە پەنچەر کەن و حەسەن زیرەك بگێرنەوە, کە گەیشتنە نزیك ئەو قۆرخ و دارە، حەسەن سوسەی کرد, بە رەحمەت بێ هەمیشە دەمانچەی پێبوو, کاك حوسینی براشی بۆ ئەو جیگایانە هەمیشە دەمانچەی پێ بوو, کە کاك حوسین ماوە شوکر. کوتی حوسین ئەمن دەچمە دوای ماشێنەکە, تۆ لە گەڵ مێدیا لێرە دانیشە. لە نزیك قاوەخانەکە ماشێنەکە رادەگرێ, حەسەن دەچێتە دواوەی ماشێنەکە سواردەبێ. حسین تۆ ماشێن لێخورە ئەگەر تەقە و شت بوو ماشێن رانەگری. دەنگی حەسەن دەدەن و دەنگی ماشێن دەدەن. کورە ماشێن راگرە. ماشێن راناگرێ هەر دەروا, تەقە دەکەن, حەسەن یەك ناگا خەشابێك خاڵی دەکا و وڵاخەکانیان لێ سەقەت دەکات وڵاخیان لێدەکوژێ تەقە لەوان و تەقە لەوان, حەسەن دەرباز دەبێ , زەفەری پێنابەن, ناوێرن بێنە پێشی. ئەویش بە دەستێکی فەرمان وبە دەستێکیشی تەقە دەکات. رەد دەبن. کە هاتن لە قاوەخانەی قارەوا لایاندا زۆر خەستە بوون, زۆر هیلاك بوون , حەسەن هەر هاتوچۆ دەکا و دەڵێ, یا حەزرەتی غەوس قەدەسەڵاوهوسورالعەزیز حاجی کاکە ئەحمەدی سولەیمانی لێ بگەرێتەوە, دایگرت بۆ هەرچی شێخ و مەشایخە هەر جنێوی دا و هات وچوو. کا حسین ئاوا ئیستکانە چاییەکەی بۆ راگرت دەستی دەلەرزی ئیستکانە چاییەکەی بۆ نەخورا هەتا چاییەکی خواردەوە خێزانی و کا حوسین دووچاییان خوارد و هاتن چوونەوە بۆکان بۆ سبەینێدا رۆیشتنەوە کرماشان.

**لە کرماشان**

لە دووی ناردم لە کرماشان لێی میوان بووم, مێدیا خانم هەستا ئەم شان وئەو شانی ماچ کردم , کوتی یا خوا بەخێربێیت براکەم, بە واسیتەی حەسەنەوە تۆشم خۆش دەوێ, بە واسیتەی تووە حەسەنیشم خۆش دەوێ. مێدیا خانم ئەو قسە یانی چی, ئەو قسە بۆچی؟ کوتی نازانی حەسەن چ حەسەنێکە ئەو جارە من رۆحی خۆم دەکەم بە قوربانی رۆحی حەسەنی تۆ. مێدیا خانم تۆ چەند ساڵە لای ئەوی هێشتا قسەی وات نەکردوە یاخوا خێربێت. پێرێ شەوێ لە رادیۆ دەهاتینەوە حەسەن لە ئێزگە کوتی مێدیا وەر تۆزێك بە پیادە دەرۆین شەو درانگە وڵات خامۆشە, بە ماشێن نارۆین بۆ ماڵێ, ماڵەکەشمان لە مەیدانی ئیقباڵ بوو. کە گەیشتینە سەری تاق بوستان کە گوڵ و گوڵزاری زۆر و دارستانە, حەسەن چوار نەفەری بە چاوکرد کوتی مێدیا پشتی من بەرنەدەی منیش بە لای ئەو نەردانەدا دەرۆم, ئەوانە خەیاڵێکیان هەیە. کوتم حەسەن شەوە خەڵك سەیر و سەیاحەت دەکا, کوتی نا من بنیئادەم دەناسم ئەوە تەماحێکیان هەیە, تەمایانە تۆ برفینن, جا تۆش مەرد وژنانە دەست لە پشتی من بەرمەدە, منیش دەستێکم بە چەقۆکە و دەستێکم بە کەمەری حەسەنەوە بوو.


گەرانەوە بۆ پێرست

ئەوەندەم نەزانی لەو لاوە تێیان ڕێخوری لە حەسەن, حەسەن ملی کەچ کردو بە زمانێکی نەرم کوتی ئاغاگیان چ دە فەرموون وەرنە پێشێ هەڕەشە و گوڕەشەی بۆچییە؟ لە خزمەت داین چ دەفەرموون.
هەر لەوێ وشك بووم , مردم بە حاڵ ڕۆحم تێداما, کوتم چۆن ئەوە منی بەدەستەوەدا. یەکیان کوتی نا, خانم بەجێ بێڵە. حەسەن کوتی ئاغا شەوە لە عەیش دەگەرێم وەرن چ نیازێکتان هەیە بیڵێن, من ئێوە بە پیاو دەزانم. گەردنی کەچ کرد. هاتنە پێشێ, هەر هاتنە پێشێ دەمانچەکەی نا بەر پشتینەکەی و یەکی گرت دای بە عەرزدا, بە جووتە پێ چووە سەرپشتی , هەردوکیانی شێلان. دووانەکەی دیکە لەو لاوە نەکەی نەکەی. هیچیان پێنە بوو, شیلانکیان بە پلاربۆ دەخسیتن, ئەو دووانەی شل کرد بە دار و لەقە, کەوشەکەی داکەند و کەوتە سەر ئەوانە, یەکیان هەڵات یەکیانی لە وان گرت, سێیانی گرت کەلەلای کردن, هەرسێکی قۆڵ بەست کردوو دای بە ئیتلاعات, ئیتلاعاتیش فەوری یەخچاڵیان جایزە بۆناردین, سازمانی شاه. حەسەن ئەو حەسەنەیە, ئاوا ئەو کەڵە کەڵانەی لە عەرزدا, ئەوە بۆیە حەسەنم خۆش دەوێ. کوتم شەرت ئەوەیە هەتا سەر خۆشت بوێ و لە ئیتاعەی دابی.

### جیابوونەوە

**م. رەمەزانی** هۆی جیابوونەوەیان چ بوو؟ ئیختلافیان لە سەرچی بوو؟
ریشەی ئیختلافەکەیان ئەوە بوو مێدیاخانم کوردستانی پێخۆش نەبوو
ئەویش کوردستانی پێخۆش بوو!
**م. رەمەزانی** کامیان کوردستانیان پێناخۆش بوو؟
مێدیاخانم !
**م. رەمەزانی** مەبەست ئەوە بوو لە تاران بمێنەوە!

مەنزووری ئەوە بوو, ئەمن ئیفتیخاری پێوە دەکەم کە دەمبەنە ئیستگای چاکتر کە کوردە و کانگای کوردە! ئەویش کوتی ئەمن نایەم بۆ کوردستان, سنە, نا, ئەوە رێگای من و ئەوە رێگای تۆ! کوتی باشە! مێدیاخان کوتی مەرد بە ئەو کچانەم لێ مەستێنە! کوتی مێدیا ئەگەر وەك خۆت وەباریان بێنێ, ئەمن ئەو کچانەت لێناستێنم ! کوتی خاترجەم بە خەیانەتیان پێناکەم, وەك خۆشم وەباریان دێنم! ئەو دوو کچەی دایە مێدیا خانم, لە یەك جیا بوونەوە! کاك حەسەن هاتە سنە, لە سەنندەج ماوە ژنی لەم وڵاتە هێنا بردیە سەنندەج!
**م. رەمەزانی** دەبوری رەنگە ئەو تەوزیحانە من و هیچ کەسی دیکە قانع نەکات دیارە ئەوان لە کرماشان بوون کرماشانیش شارێکی کوردنشین بوو تۆ بڵێی ئیختلاف هەر لە سەر ئەوەندە بووبێ؟
ئەمن بە نەزەری خۆم کە گوێبیست بووم ئیختلافەکەیان هیچی کە نەبوو, هەر لە سەر ئەوە بوو. مێدیا خانم نەدەهات بۆ کوردستان لە کرماشان نەدەبزووت بۆ شارەکان ,بۆ تاران و کرماشانی پیخۆش بوو بۆ شارەکانی دیکە نەدەهات؟
**م. رەمەزانی** سەید م. رەمەزانیی سەفایی لە نەوارێکدا کاتێك کە نەخۆش بوو لە پێش مردنیدا وتووێژیان لە گەڵ کردووە, ئیشارە بەو مەسەلەیە دەکات دەڵێ مێدیاخانم موخالیف بوو کە ئەو هێندێك شوێن بچیت گۆرانی لێ بڵێت, پێیدەکوت قەدری خۆت بزانە, قەدری هونەرەکەت بزانە ئەو شوێنانە مەچۆ؟
ئەوەندەی من لە گەڵیان بووم, نە بوو کاك حەسەن بۆ جێگایێکی سووك بچێ یان ئەو وەختی کە من لە گەڵ ئەو برادەر بووم خودایە تۆ ئاگاداری ئەو لە جێی حەقە و ئەمن لە جێی ناحەق, چەندە ئەم سەعات دوو سەعاتە لە خزمەت ئێوە دام بێ شەرعیم بە ئێوەوە دیوە ئەو مودەتە ئەمن لە گەڵ حەسەن زیرەك لەو شارانە بە سەڵتی گەریی , بە ماڵەوە لە گەڵی بووم ئەوەندەم بێ شەرعی پێوە دیوە! بۆ جێگای سووك نەدە چوو,بۆ جێگای عارەق و قومار نەدەچوو, بۆ جێگای جندەخانە نەدەچوو, گۆرانی رەشبەڵەکی نەدەکوت ئەوانەم من لێنەزانیوە!
ئەگەر حەسەنیش لەم ئاخیرەدا دەستی کرد بە عارەق خواردن لە سەر ئەو مەسەلە بوو کە لە زەمبیل , لە قاقڵاوا بە سەری هات! هێشتا لە لای من ئەو کابرایە هیچی نەکرد, هیچی نەخوارد, بە چاوی خۆم نەمدی فەقەت عالەم دەیانکوت! ئەوەندەی دەچوومە ماڵی, لە قاوەخانە ئەمن هیچم پێوە نەدی فەقەت خەڵك دەیان کوت دەخوا, عارەق دەخوا مەستیشی دەکا! عەرزت دەکەم لە کوێدا بە جێم هێشت؟
**م. رەمەزانی** لە کرماشان!
هاتەسەنندەج مودەتێك لەوێ بوو ئەم ژنەی ئاخری بە ناوی رابیعە لە سەقز مارەکرد , مودتێك لە سەنندەج لە گەڵی بوو لە پاشان لە بانە هەر لە گەڵی بوو لە شنۆش هەتا بە رەحمەت چوو!

## ژنهێنان

**م. رەمەزانی** کاك کەریم لە کتێبەکەیدا دەڵێ لە لای من کوتویەتی 34ژنم هێناوە تۆ چ ئەندازە ئاگادار بووی؟ پرسیارێکی دیکە ئایا لە وکاتی مێدیا خانمی مارەکرد دیارە بە روالەت ناسکێشی هەبووە لە و چۆن جودا بۆوە ئەوەم دوایە جواب بدەوە؟
12ی بۆمن نەقل کردوە, 12 ژن! کە مێدیا خانمی مارەکرد. ناسکێ لە بەغداوە خەبەری زانی هەستا, هات بۆ تاران, بە هەر نیشانەیەك بووە ماڵی ئاغای دوکتوری خەزوری حەسەن زیرەکی دیبوە, لە ماڵی ئەوان مهمان بوو ئاغای دوکتورعەزیز، مێدیا خانم و حەسەنی بانگ کرد! کوتی ئەوە ناسکێ هاتوە بزانە دەڵێ چی! بەخێرهاتنی هێنا و مێدیاخانم ئەم لاو ئەولای ماچ کرد, خستیە لای سەری خۆیەوە! کاك حەسەن کوتی ناسکێ من و تۆ تازە لە یەك هەڵبراوین هەرچی تەمنا دەکەی ماڵی دنیا ئەمن هەمە و دەتدەمێ , بە رەزایەتی خۆت کاغەزم لێوەرگرە! کوتی حەسەن مەنزورت چییە ئەمنیش زۆرم هەیە تۆش زۆرت هەیە , ئێوە دوو نەفەرن هەردووکتان لە سەر ئیستگای رادیۆن هەردووکتان کارمەندن خزمەتکارێکتان هەر دەوێ , من خزمەت دەکەم چ لە ماڵی ئاغای دوکتور بێت چ لە ماڵی تۆ بێت, نەخیر قەبوڵم نییە! نزیکەی هەفتەیەك بەوجورە لەوێ ماوە, ملزم نەبوو, کاك حەسەن تەلاقی دا! ئەو خانوبەرە و ئەساسەی ماڵ و پوڵ کە لە بانگدا هەیبوو هەمووی دا, سواری تەیاری کردو ناردیەوە بۆ عێراق!

## نە خۆشی!

حاجی ئەبوبەکرئاغا و قاسم ئاغا و چەند ئاغا و موعتەبەر و چەند عولەمای موعتەبەر لە بیمارستان جەلەسەیان گرت, ئەمن و هەردووبراکەی و خوشکی و جەماعەتی خۆمان هەمووی لەوێ بوون, کوتیان ئەگەر دەزانن عیلاجی نایات ئێمە بە تەیارە دەینێرین بۆ خارج, لە خارج عیلاجی بێ بە خەرجی ئێمە, دەزانین حەسەن پوڵی نییە! کوتیان , دوکتورەکان نە زەرەر لە خۆ بدەن نە زەحمەتی ئەو نەخۆشە! کە ئێوە لە سەری سوورن ئێمە عەمەلی دەکەین , تەوکول عەلی ئەڵا! عەمەلیان کرد, لە پاش عەمەلەکە سری بە کاکیان کوت, کاکی لە حەسەنیان ئاشکرا کرد, کا حەسەن کوتی بەڵێ دەزانم کە عومری من تەواە , فەقەت ئیجازەم بدەن من دەچمەوە ماڵی حسین, لە ماڵێ دەکەوم ئەوەندەی بۆشم کرا هات وچۆی برادەران دەکەم , من ماڵی خەڵکم خواردوە ئەزیەتی خەڵکم کردوە, قسەم بە خەڵك کوتوە, بەشکو دۆست و برادەری بۆکان ومەنتەقە ئازادم کەن لە راهی خودادا! رۆژێ ئەگەر تاقەتی بۆایە لای بەیانان سەعاتێك دووسەعات باڵیان دەگرت دەهات بە خیاباندا دەچووە قاوەخانەکەی براکەی, مەبارەکبادیان دەکرد ,کە چاك بوویەوە, دیدەنیان دەکرد, خەڵك زۆری پێخۆشحاڵ بوو! یەك ئاگا لە ماڵێ کەوت. کوتی تازە عومری من تەواوە! جا ئە لەوەدا نەوارێکی زەبتکرد! ئەمن لە بەرگریان تاقەتم نەهێنا, ئەم نەوارەم بوو نەماوە!

## مردن

سەعات 8 ,9 شەوێ بە رەحمەت چوو[10]! بە وەسیەتی زووتری لە سەیاحەت و ئەوانە بارها دەیکوت لای ئەو شەخسە من بنێژن! لەوەختی نەخۆشییەکەیدا کوتی یان لە "کانی مراد" لە کوچك من بنێژن یان زەمبیل , حەتمی لە ناڵەشکینەم بنێژن!
رۆژێك پێش مردنەکەی دووجار ئەو وەسیەتەی کرد! مەلایان وعولەما و دۆست و برادەر, ئاغایان کۆبونەوە کوتیان لە قەبرستانی خۆمان دەینێژین قەبوڵمان نییە. کوتمان ئاخر وەسیەتی خۆیەتی ناکرێ, جوابیان نەدایەوە چووین لە قەبرستانی تازە قەبرمان بۆ هەڵکەند و تەسلیم بە خاکمان کرد!

## سە رە خۆشی

هەفتەیەك لەو مەدرەسە(بۆعە لی) سەرەخۆشی بوو. لە مەنتەقەی ئێران و عێراقەوە یەك هەفتە سەرەخۆشیەکەی نەپساوە, سەرخۆشی تەواو بوو منیش چومەوە بۆگەبەسی!

---

[10] ـ لە ماڵی خوشکی لە خەیابانی سەقز رووبەرووی مەدرەسەی بۆعەلی.

## خەون

بەینیکی پێچوو هات وچۆم دەکرد, دەچوومە لای دایکی. هەروا دەمبیست فلان کەس خەونی پێوەدیوە, فیسارکەس خەونی پێوە دیوە, هەر دەڵێ بمگوێزنەوە لێرە! دادە ئامین غەرقی رەحمەت بێ دەیکوت عەلی بێتو ئەتۆ کۆشش بکەی حەسەن بگوێزنەوە ئەمن وانازانم حەسەن مردووە, ئەوندە دێتە خەونم! بهێنم دایە و سواربوم چوومەوە بۆگەبەسی ئەو رۆژە کە چوومەوە ئەزقەزا جومعە بوو, شەوێ خەونم پێوە دیت, حەسەنم دی مەرحەبای و چاك و خۆشی لە گەڵ کردم و یەکترمان ماچ کرد, کوتی ئەی برۆ بێ وەفا ئای بێ وە فا, بۆ من چم بە تۆ کوت ؟ ئەتو بۆ بە قسەی منت نەکرد؟ بۆ منت بردە ئەوێ! بۆمن نابەیە ئەوجێگایانەی کە پیم کوتی؟ برۆ وەڵا کارم پیت نییە! ئەگەر رۆیی بەجێی هێشتم دڵم داچڵەکی! لە خەوەکەدا راچەنیم ! کوتم نەخێر بە زاتی خوا حەسەن زۆر نیگەرانە! هەستام دوو رەکەتم نویژ کرد و زۆر لە خوا پارمەوە خوایە تۆ رەحمێك بکەی ئەو کابرایە زۆر گوناهبارە! زۆر تاوانبارە! تۆ لیی خۆش بە! خودایە ئەمن ئیتلاعیە بە گوناهی ئەو کابرایەش دەکەم! خودایە تۆ لێبووردنت هەیە, ئەو کابرایە هاتە خەونم! سبەینی برۆم بۆ بۆکان بزانم چی دەبێ.

## گواستنە وە بۆ سە ر ناڵە شکینە

سبەینێ هەستام نوێژم کرد ونان و چایم خواردو قاوەخانەم بە لای شاگردەکەدا بەجێ هێشت, کوتم من دەچم بۆ بۆکان. کاکە مینە لە دەرکی قاوەخانەکەی لەو فەلەکەیە بانگی کردم, عەلی ئەسپەکەت تاقەت کرد هەتا ئێرە ووره . چووم ئە سپەکەم تاقە تکرد و هاتمەوە. کوتی عەلی دایکم هەراسی پێهەڵگرتووم ,دڵێ بێتو حەسەن نەگوێزنەوە ئەمن شێت دەبم, یاخودکوشی دەکەم. ئەلان بە بێ ئەوە دایکم خەونی پێوە ببینێت ,سێ پیاو و دوو ژنیش خەونیان پێوە دیوە. کاکە مینە جا ئەگەر وایە بابچینە لای حاجی ماموستا ئەو ئیمامی جومعەی قە دیم ئەوەی کە ئێستا ماوە, بە رەحمەت بێ (پێدەکەنێ) یانی ماوە یادی بەخێربێ!
**م. رەمەزانی** ئیمام جومعە مەلا ئەحمەد ئاغای وەحیدی!
کوتی وەڵا قسەکەت زۆرجوانە عەلی ,کوتم شێخی سەعدی دەفەرمێ:
سەررزدە داخل نەشو          مەیخانە حەمام نیست
کە چووین کاکە مینە عەرزی کرد شتێکی وایە. کوتی نیوی ئەو نەفەرانە دەزانی؟ کوتی دوو ژن و وسێ پیاو بیجگە لە مامە عەلی! کوتی ناویان بڵێ , ژنەکانی کوت , کوتی من ئەوانە دەناسم بە شاهیدم قەبوڵە پیاوەکانیشی کوت , کوتی ئەوانەش دەناسم دووانیان زۆر موردی پەسەندی موسڵمانین, عەلیش هەر لە منداڵیەوە دەناسم وەڵا قەبوڵمە, دا خەوەکەی خۆتم بۆ بگێرەوە عەلی, بۆم گێراوە کاکە مینە هی دایکی بوگێراوە. کوتی ئەگەر سەڵاح وایە نە بیبەنە زەمبیل, نە کانی مراد, با عالەم نەخرۆشێ , بیبەنە ئەو تەپەی ناڵەشکێنە لای ئەو سەیدە. کوتم ماموستا عەرزم هەیە, فەرمووی بڵێ, کوتم دەستوراتی هەر بەو کفنەوە؟ نە کفنی دەوێت نە شوشتنی دەوێ هەر بەوەوە دەرهینن, فەقەت رۆژیك پێشتر قەبرەکەی بۆ هەڵکەنن بۆ دوارۆژ بیبەن بێ دەنگ لە شەوێدا بینێژن حەمەدەمین بۆکان بزانیت وەك جاری دیکە دەخرۆشێ با بۆکان کەس نەزانی. کوتمان بەڵێ. زۆر چاکە, قسەمان تەحویل گرت و هاتینەوە .کوتی جا کێ بچێ قەبر هەڵکەنی؟ کوتم بۆخۆم دەچم , جا لەوشدا واچاکە پرسێك بە کاك سەعد[11] بکەین, چووینە خزمەت کاك سەعد , فەرمووی نە تەنیا جێگەی قەبرێك 1000متر خاکی من نەزری حەسەن زیرەك بی و گەردنی ئازاد بێ بچن قەبری بۆ هەڵکەنن!

## دەرهینانەوە لە گۆڕ

بۆخۆم رۆیشتم وە سایلم برد رۆژیك پێشتر قەبرێکی جوانم بۆ هەڵکەند! کاك حسین, ئەمن و حەسەنی مجێوری, ئەلان ماوە لە حەیاتدایە, شەوێ بردینە سەر قەبرەکە, قەبرەکەمان هەڵکەند کاك حسین هاتەوە بۆ ماڵێ, قەبرەکەمان داوە , دووچراگازیشمان پێبوو, بە هێواش لە قەبرەکە دەرمان هێنا, ئیمتیحانی قەبرەکەم کرد, حەسەن کە لە من منداڵتربوو خۆفی دەکرد دەترسا, من هیچ باکم نەبوو,

---

[11] - سەعدی ئیلخانی

دەستم لە بەدەنیدا, کوتم بزانم گۆشت و شتی ڕزیوە, دەستم لە ڕومەتی دا ئەو تووکەی پێوەی بوو, هەر پێوەی بوو گۆشتی نەرم بوو, فەقەت سارد بوو باسك و سنگی تووکی زۆر بوو, کە باسکیم هەڵگرت چراگازەکەم لێدا ,دەستی هەمووی خاڵی پێوە بوو, خاڵەکانیم هەموو یەکە یەکە بژارد, دەستم لە تووکی دا, تووکی هیچی نەهاتەوە, گۆشتی هیچ جێیکی هەڵنەوەری ,زایە نەبوو 37 ڕۆژیش بوو لە خاکدا بوو. دەستم لە دەم و ددانی دا, دەم و ددانی بە سەر یەکدا باری بەستبوو بە حاڵی خۆی گۆشتەکەی باقی بوو, ددانە مەسنوعیەکانی هەر لە دەم دا بوو.[12]

دەرمان هێنا و لەو لاوە دامان نا, ڕۆژ مەعلومی کرد و نەکرد کاك حسین ماشینی باری و تابوتی هێناو خستمانە تابوت و بردمان,لەوێ لە قەبرەکەمان خستوو, مە لاێکمان برد یاسین و تەڵقینی کرد و بە خاکمان سپارد. لەوی کە هاتینەوە چووینە قاوەخانەی کاحەمەدەمین سوبحانەمان خوارد. کوتی جا با برۆین بۆلای دایکم باوەڕ بە هیچمان ناکات بە تۆنەبێ! وەسایلی قەبرەکانم بردو چووم بۆ لای دایکی, کە قسەکانم بۆگێراوە ,خاتوئامین چەند ڕۆژ بوو نەخۆش بوو, دیار بوو لی پێ کەوتبوو ,هەستا سەرپێ زۆری شوکرانەی خودای بژارد زۆر زۆر منتبار بوو بەوە حەسنمان لەوێ تەسلیم بە خاك کرد!

**م. ڕەمەزانی** باسی چیرۆکی هێندێ لە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکمان بۆبکە, لە گۆرانی لۆرکێوە دەستپێبکە لۆرکێ چۆن بەدیهات؟

بەعزێك پێیان وابووحەسەن زیرەك هونەرمەندێکە هە ر دەزانێ گۆرانی دانێ و دەنگی خۆشە! حەسەن زیرەك زۆر هونەرمەند بوو لە هەموو شتێکدا لە هەموو ماوەیەکدا بە هونەربوو, یەکی هونەری سەخاوەتی, کە من قسمەتێك لە ئێران و عێراق گەراوم بەشەری واسەخی وەك ئەو و جەنابی سەید کامیلی ئیمامیم نەدیوە. یەکیش غیرەتەکەی,هەرچی بەشەرە لە خشە دەسڵەمێتەوە، ئەو وەك گورگ وابوو غیرەتەکەی وابووە بە خشەوە دەرۆیی, بۆ خۆم شەورەویم لە گەڵ کردوە, ئەم جار لە دەست و بازودا ئەوەندە بە قووەت بوو خودا وایدابویە لە عەینی جەحێلیدا لەو بۆکانەدا باو بوو دێ بە دێ کوچە بە کوچە دەگەراین بۆ زۆرانبازی, یەك نەفەر نەبێ لەو بۆکانە بە ناوی ئەحمەدە پەڵە پشتی لە عەرز دەدا, دەنا هیچکەس پشتی لە عەرز نەداوە. ئەوندەی لە مندالیەوە من لە گەڵ حەسەن بووم حەسەن زۆر بە هونەر بوو, زۆر شوجاع بوو, لە هەمووشتێکدا.

**م. ڕەمەزانی** پرسیاری ئێمە ئە وە بوو کە گورانی لۆرکی کەنگێ بە دی هات و هۆی بە دی هاتنە کە ی چ بوو؟

حەسەن هە ر تۆزیك لەشی ساخ بایە و دڵیان تەنگ نەکردبایە, دڵی خۆش بایە ,هەر ساعەتێك لە هەر کوێیەك, مەجلسێك دانیشتبایە، هەرچی تەوە قوعت کردبایە بەکەڵەی دادەهات و دە یکوت وەختی واش بوو کەسێك داوای گۆرانییەکی لێدەکرد ,مۆلەتێکی دەخواست ئیستیکانێك چای بخوات, سیگارێك داگیرسینێ, وەختی واش بوو کوتوپڕ بۆ خۆی هەوایەکی دادە نا و دە یکوت, کە گوێت دە دایە ودڵت دە دایە, ئەو هەوایە نەبیسترابوو, نەکوترابوو!

## لۆرکێ

لە زەمبیل هەموو لە ماڵی سەیدی زەمبیل بووین بە واسیتەی ئەوە حەسەن مهمان بوو. جەنابی سەید فەرمووی حەسەن دەبێ بۆ شام بێیە دیوی من, ئەوا سەید کامیل و کوڕەکان , هەموو دەچینە ژووری, عەلیش بێت لەوێ چایمان بۆ تیکا نان و شتمان بۆ دانێ. کوتیان حەسەن شەو درانگە بۆمان بڵێ فایدەی نییە بە جێمان دهیلی ودەرۆی , حەسەن بەوەعدەی نیوسەعات چل دەقیقە سێ چوار بەند گۆرانی بۆ کووتن, زۆر پێیخۆشحاڵ بوون, پاشان جە نابی سەید فەرمووی عەلی چای یان قەنداغێك بێنە بۆ حەسەن ئەمنیش کە چایم بۆ هێنا کوتی, ئاوم بۆ بێنە. لیوانەکەم هەڵگرت کهە رۆیشتم یەکێك لە خانمەکان لە دەستیان وەرگرتم چوو لە حەوشەکە گۆزەێکی سووری لێبوو لیوانەکەی پرکا, ئاوینەی دەرهێنا تەماشای خۆی بکات, کە هاتەوە ئەو لە پەنجەرەکەوە چاوی لێی بوو, لیوانەکەی دا دەست من و ئاوەکەم هێنا شەودرانگ بوو مەجلیس تەواو بوو, هاتینە دەرێ, کوتی عەلی ئەوە کێ بوو ئەو ئاوەی هینا؟تۆ چت لە کێ داوە؟ کوتی نا بە سەری جەنابی سەید دەبێ پێم بڵێی! وەڵاهی ئەوە

---

[12] ـ ئەم بەسەرهاتە پاشان بووە وێردی سەر زاری خەڵک، خەڵك لێیان زیاد دەکرد و دەیانگێراوە، ئەوە خۆشەویستی زیرەک لای زۆربەی ئەو کەسانەی کە وشکە مەزهەبی بوون زۆرتر کرد. زۆربەی خەڵک دەیانگوت:"بەندەناس حەق تەعالەڵایە" مەبەستیان ئەوە بوو خوادا بەندەی خۆی دەناسێ.

ساحەبەخانم بوو, حەسەن گۆرانی و مۆرانی بۆ دانەنێی! کچی سەیدی زەمبیلە ! کوتی ئەوندە بێ عەدەب نیم گۆرانی بێعەدەبانە دابنێم , ئەوە لۆرکێ خانمە! دوو سێ کەلیمەی کوت بە گوێی مندا. وەڵا رۆیی لە تاران ختسیە سەر نەوار!

### خۆت مەکە بە ژێر چرپی و دارەوە

کڵفەتێکی ماڵی جەنابی سەید بوو, واقیعەن ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و جوان و بەحەیا و بەناموسیش بوو! دووساڵ بوو حەسەن هاتوچۆی دەکرد, ئەو ئافرەتەی بەر دڵ کەوتبوو, دڵی پیوەی بوو، چەندی دڵ پیوە بوو کە خۆشی دەویست, مێدیا خانم زیاتر بە ئەخلاقی ئەو ئافرەتە حەزی دەکرد.,دڵخۆشی دەداوە بە هیچ بارێك ملزەم نەبوو کە بۆ ماڵی حەسەن زیرەك بچی!

**م. رەمەزانی** کامیان دڵخۆشی داوە ؟

هەوەڵ حەسەن دڵخۆشی داوە, مێدیاخانمیش هەر دڵخۆشی داوە, بە هیچ باریکدا ملزەم نەبوو! بەرماڵەکانی جەنابی سەید وەك ئەم حەوشەیە باخ ودار بوو, شەوێکیان حەسەن تەسادفەن کە رێیدەکەوێ تەماشا دەکا ئەو ئافرەتە لە گەڵ یەك نەفەرە , ناکری خۆ نێوی بڵێم!

**م. رەمەزانی** وەڵا بیڵێ بۆ چی؟

لە گەڵ عەلی شا, لە گەڵ عەلی شا ئافرەتەکەی دی, کە دی مەرۆن خۆتان مەکەن بە ژێر چرپی ودارەوە! تازە بێفایدەیە مەعلوم بوو, وەڵا کەوتە سبەینێ مەسەلەکەی بۆ من گێراوە, وەڵا چووە تاران ئەو گۆرانیەی بۆ دانا!

### شەو

سە ید کامیل دەعوەتی کرد بووین,ئاغاوات ومامەکانی وجەنابی سەید, لەوێ بوون, لەوەدا بوو کە مەجلیس تەواو بێ و سواربن بگەڕێنەوە, ئەویش لە گەڵ خەلیفە مەلا عەلی لە وەتاخیك دانیشتبوو, کوتی جەنابی خەلیفە من هیچ دیارییەکم پێنەبوو بۆ جەنابی سەید کامیل زۆر خۆم بە شەرمەندە دەزانم! ئەویش فەرمووی حەسەن دیاری ئاوا دەبێ وەك تۆ لە گەڵ ئەو دووماڵە کردووتە و هێناوتە! فەرمووی نا ئەوانە دیاری نییە دیاری ئاوازێك, گۆرانییەك, شێعرێك کوتی وەڵا حەسەن [ ئەمن شێعرێکی مەولەویم؟! ] لە لایە جا ئەگەر دەتەوێ بیلێی , کوتی قوربان بۆم بنووسە یا هەروا دووسی کەلیمەی لێ بڵێ من فێری دەبم. خەلیفە مەلا عەلی هەروا شێعرەکانی بۆخوێندەوە, ئەویش بەو هەوایە داینا کە ئەگەر پەنای چاکت دەوێ بروانە شەو ئەی کامیل بەسیە سستی لەی راپە رە. ئەو شێعرەی بۆ سێدکامیل دانا[13]

### خۆم بە غولامی سیخمە ی کۆن

ئەوە لە تارن دانیشتبوین مەدیا خانم کوتی حەسەن ئەوە سبەینێ نۆبەتە بچی گۆرانی تەحویل دەی, دوو سێ رۆژە هیچ فکریکت نییە, نە گۆرانی تازەم لێ بیستووی, نە تەمرینێك, شتێك. کوتی وەڵاهی چووزانم مێدیا ئەوندە ئەشغال بووم هیچم بە دڵدا نەهاتووە. ئەرێ عەلی ئەتو چت لە بیرە هی قەدیم, کوتم وەڵا گۆرانیێکان دەکوت خۆم بە غولامی سیخمەی کۆنی, کوتی دا راوەستێ با بیڵێم بزانە هەوە, قەدەرێك مات بوو نەفەسێکی لە سیغارەکەی دا, کە سەری هەڵێنا دەستی پێکرد کوتم حەسەن خۆم بە غولامی سیخمەی کۆن کە من منداڵ بووم بیستوومە ئەوەیە! سبەینێ تەحویلی ئیستگای دا.

### دەچمە سەر ناڵەشکێنە

لە عێراق کە هاتەوە دۆست و برادە ر لێی کۆبوونەوە هەر رۆژێك دەچوونە مەنزەرگەیەك و جێگایەکی خۆش , لە پاشان رۆژێکیان کوتی دەبێ برۆین بۆ سەر ناڵەشکێنە, رەفیقان کوتیان هەی خودات لێ رازی بێت هەر دەمانبەیە ئەو شاخە بڵینده , مەیدانی مشکان کادێنە, تۆ هەر ناڵەشکێنەت پێخۆشە! کوتی ئەرێ وەڵا وەسیەتی منە هەر دەبێ لە ناڵەشکێنە بمرم ,هەر لە سەر ناڵەشکێنە دڵم دەپشکێ. هەستایان کۆبۆینەوە لە گەڵ برادەران چووینە سەر ناڵەشکێنە ,لەوێ ئەوەندەی کە برادەران و رە فیقان پێیان خۆش بوو گۆرانی کوت, وەڵا بە کەلەی داهات ناڵەشکێنەی لەوێ کوت.

---

[13] - شێعری شەو یەکێک لە شێعرەکانی سەید کامیل ئیمامیە کە حەسەن زیرەک کوتویەتی. ب. فەرشی

### وەرە قوربان

ئەمجارە لە گەڵ میرزا رەحیم و میرزا برایمی ژنبرای و مێدیاخانم هاتن بۆ زەمبیل, حەفتەیەك لەوێ مانەوە وەعدەی مەرەخەسی حەسەن تەواو بوو, شەوێ کوتی قوربان تۆ وەرە ژووری, دەستت زیارەت دەکەم و ئەمن سبەینێ دەبێ زوو برۆمەوە بۆ سەعات 8ی ئیوارە دەبێ لە کرماشان حازربم, دەنا غایبم دەنووسن, فەرمووی زۆر چاکە خودات لە گەڵ بێ. جەنابی سەید رۆیشتەوە ژووری, پاشان پیاوی نارد بە حەسەن بڵێن سبەینێ هەتا نەیمە دەرێ, حەقی نییە بروات, کوتی ئەی هاوار هەی بە خودا کارێکم بە سەردێ من غایب دەنووسن جا ئەوە تەکلیف چییە؟ درانگ دێتە دەرێ!
سبەینێ نان خورا و چای خورا و هەر نەهاتە دەرێ, ئەوە سەید کامیل لەوێیە عەلی شا لە وێیە ئاغایان و نۆکەر لە وێن. کوتی عەلی شا فایدەی نییە ئەو دەرگایەم بۆبکەوە, ئەو پەنجەرە بکەوە بە خودا نایەتە دەرێ کوتی باشە حەسەن گیان بۆوا عاجزی؟ کوتی ئەگەر غایبم بنووسن خۆلە کیسەی ئەو کەم نابێتەوە, مەنزوری منی نییە! لەوەتاخەکە دا دەهات و دەچوو پەنجەرەمان کردەوە, ئەو وەرەقوربانەی دانا, جەنابی سەید لە ژووری گوێی لێبوو هاتە دەرێ, لە پەنجەرەوە ئێمە چاومان لێبوو کوتی جا تەماشای کەن هیچ پەلەی نییە, نەرم نەرم وردە وردە تەشریفی دەروا بەرێدا, منیش ئەوە دڵم کەیل دەکا و دڵم سوارە! بەڵێ هاتە سەرێ, حەسەن زۆر بە پەلەی؟ ئەرێوەڵا سابیقەم تۆزێك باش نییە و پێشم خۆش نییە غایبم بنووسن چوونکی تازە چوومە کرماشان! خودا پشتیوان بێ, من پشتیوانت بم مەترسە, حەسەن ئەو بەندەم بۆ بڵێوە! قوربان ناتوانم! ئاخر من دەڵێم بۆم بڵێوە! قوربان ناتوانم فەقەت هەر لە کەلەشم دایە بچمە کرماشان بڵاوی دەکەمەوە! میرزا رەحیمی ژنبرای کوتی قوربان دیاری من هیچم نییە, وەرزشکار بوو ئاوا مستێکی دا لە دیوارەکە ئەو چوارقامکەی هەتا لیی دەستی چووە دیوارەکەوە! قوربان ئەمنیش قووەتەکەم ئاوایە, ئەبێ دۆعام بۆ بکەی! کاك حەسەنیش ئەوجا مستێکی دا لە دیوارەکە, ئەو زەمان ئەڵبەت وەتاخ هەرخشتی کاڵ بوو, دووخشت لە دیوارەکە کەوتەوە, حەسەن دەستیشی بریندار بوو!کوتی قوربان حەسەنیش وەك من شوکر ساحەبی قووەیە. کوتی حەسەن خودا قووەتی دنیاو قیامەتی بداتی! رۆیشتنەوە بۆ کرماشان ئەو گۆرانیەی لەوێ بڵاو کردەوە و نەواری نارد بۆ زەمبیل!

### کانی دۆڵ

دانیشتبووین رووی کردە جەماعەتەکە کوتی, ئێوە پێتان شك بی ئەو باخە بەو مەنزەرە خۆش و بەو جێگا خۆشە کە حەوت چەشمەی تێدایە ئەو سەیدانە یانی ئەو جەنابی سەیدە وباپیری مەنزەرگایان زیاتر کوێ بووە؟ لە کوێ ئیستراحەتیان کردوە ؟ کوتیان لە کانی دوڵ، دانیشتوون لەوێ دەست نوێژی گرتووە, بەرماڵی راخستوە دوو رەکەت نوێژی کردوە, دۆیان بۆ داناوە, میوەی خواردوە! بۆ ئاوی خۆاردنیش ئەو سێ پشتە هەرئاوی کانی دۆڵە چۆتەوە نێو دێی زەمبیل, جێگایان ئەوێ بووە! بەڵێ ئەوانە ی پرسی و خەبەرێکمان نەبوو! لە سەنندەج ئەو گۆرانی کانی دۆڵی زەبت کردو نەوارەکەشی هێناوە بۆ زەمبیل!

### نەمام نەمام

لە باخی دانیشتبووین جەنابی عەلی شا , جەنابی سەید کامیلی رەحمەتی کوڕەکانی هەموویان بوون, دەستیان کرد بە گۆرانی کووتن واقیعەن سەید ئەنوەریش لە دەمی جحیلیدا دەنگی زۆر خۆش بوو لە گەڵ حەسەن گۆرانی دەکوت, گۆرانی بیەکان تە واو بوو, سەید کامیل فەرمووی حەسەن دەبەسە من ئەوانەم ناوێ شتێك بڵێ کە نەمبیستبێ ئەمن تێربووم لە وانە! با چایەك بخۆینەوە سیغارێك بکێشین ئیستراحەتێك بکەین ,خوات لێ رازی بێ خۆمن ئاش نیم! چاییم بۆ هێنا و سیغارە کەی داگیرساند و چاێکی خۆاردەوە و هەستا سەر پێ, پالیدا بە دارەکەوە, ئەو نەمام نەمامەی لە باخی زەمبیل دانا!

### یالا شۆفیر

" کوتی, لە بانە بووم حەمەی جەوانمەردی دەعوەتی کردم, سەرما و سەخت بوو, ئێمەش بە بەر هەیوانەکەدا دەهاتین و دەچووین هەتا خەڵك بێ و بچین بووك بێنین , حەمەعەلی ئاغا کوتی وەڵاهی

حەسەن درانگە کۆنابنەوە, راوەستە حەمەد ئاغا برای خۆت کۆیاندەکاتەوە! هەر لەوێ ئەو یالا شۆفیرەی, بۆ شۆفیرەکان دانا!"

## کەتانە

لە دەورەی جحیلیدا لە بۆکان دڵی بە کچێکەوە بوو نێوی کەتان بوو کچی حاجی سالحی حەریری, زۆری دڵ پێوە بوو یەك دووجاریش داوایان کرد نەیاندایە, لە ئاخریدا دایان بە رەشیدی وەستا رەحمانی نەزەر.
حەسەن بە راستی خۆشی دەویست , مودەتێك سەری خۆی هەڵگرتو لیرە رۆیشت, چوو بۆ یەزد و کرمان لەوێ فێری شۆفیری بوو هاتەوە! کە هاتەوە لەو جێگای قەپانی کۆن قاوەخانەیەکی دانا چای بە پەناباتێك بوو حەسەن رۆژی چوار سەعات قاوەخانەکەی دەکردەوە چای چووە دووقران ,لەو قاوەخانە ئەو کەتان کەتانەی دەکوت زۆر بە وە خۆشحاڵ بوو,دوای مودەتێك قاوەخانەی بەجێ هیشت و رۆیشت!

## بیلەنگینە

لە سە ردەمی جوانی لێرە ژنیکی لی بوو بە ناوی جەیران خۆشکی عەبدولای سۆفی قادر, کە قەدیمی بۆکانی هەموو دەیناسن , ژنی کەریم بگی ناڵبەند بوو شۆخ و جوانیەکەی بێحەد بوو, کە دەهات بۆ حەوزی(حە وزە گەوە رە) زیاد لە کچ و ژنی بۆکان رۆیشتنەکەی و جوانییەکەی زۆر بە نەزەری حەسەن دەهات, ئەو بیلەنگینە بیلەنگینەی بۆ ئەو جەریانە دانا!.

## لە سلیمانکەندی

ئێمە لە تاران بووین لە سەرانسەری کوردستانەوە هەموو تیرویەکی کوردستان دەهاتن, بەواسیتەی ئیستگای رادیۆ حەسەنیان دەدیەوە شامیك یان نەهارێك لە حەسەن مهمان دەبوون , ئەو ئاغایانەی فەیزولابەگی هاتن لە حەسەن مهمان بوون, بەینیان لە گەڵ خۆش کرد, قەولیان لێ ساند ئەگەر هاتەوە کوردستان بچی بۆ سلیمانکەندی! سێ برابوون بە نەزەرم دووانیان ماون یەکیان بە ناوی مەحمودخان یەکیان بە ناوی ئیرەج !
هەڵکە وتوو حەسەن بە مسافرەت هاتەوە بۆکان , ئەوانیش خەبەریان زانی کە هاتووتەوە , هاتن لیرە دەعوتیان کرد و کوتیان دەبێ بێی لەوێ میوان بی , دوو ماڵی ڕەعەیتیش شایانە, ئەمەش شاییمانە حەجی دوبارە حەج ! هەستا لە گەڵیان رۆیشت , حەوتویەك لەوی شایی بوو, شایی تەواو بوو زۆربە خۆشی و زۆر بە شادی زۆر بە ئیحترامەوە !
تەوای ئاغای فەیزولابەگی و مەنتەقەی بانە و سەقز لەوێ بوون, ئاخر رۆژی بوو, کوتی دەمویست مەرەخەسی بخوازم و بیمەوە بۆ بۆکان , ئاغاکان لە بەر هەیوان هەموو لە سەر سەندەڵی دانیشتوون یەك لە ئاغاکان کوتی حەسەن وام لە تۆ رانەدە دی! ئەگەر وای پێکوتم سەرم داخست لەوانە بوو ئارەق بکەم , کوتم خودایە من هیچ بێ ئەدەبیم نەکردوە هەفتەیکە لێرەم هیچ قسەیەکی خراپم نەکردوە! کە سەر هەڵدینم مەجلیس هەمووی سەریان داخستوە! وا ئەمن هەفتەێکە لێرەم زۆر لە من رازین, تەشکوریان بوو, مەمنونەتیان کێشاوە! لە دڵی خۆمدا زۆر بەنارەحەتی کوتم خودایە چم کردوە! لە ئاخریدا کوتم نا ئەمە مەنزوری هەیە , سەرم هەڵێنا کوتم ئاغا جا هەر تۆ نییە و گۆرانییەك , کوتی کوا ئەو گورانیەی من دەڵێم کوتوتە؟ ئەوانەی تۆ کوتووتە لە رادیۆ شم بیستووە! هەرگاوایە گوێ بگرە! دەستم دایە
دایرە هەر لە بەر ئەم هیوانە ئەو لە سولەیمانکەندی بەشی بەگزادەم دانا, مەجلیس دایان لە قاقای پێکەنین.

## نەغمە خانم

خانمی نەغمە ژنی سەرهەنگێك بوو لە تاران جیرانی خۆمان بوو ئەوەندەی حەسەن لە رادیۆ گۆرانی دەکوت ئەو ژنە رادیۆی دەکردەوە و یەکسەر بە کەلیمەکانیدا دەرۆیشت, ئاخری وای لێهات هاتووچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد و لە گەڵ حەسەن خۆشك و برایەتی بەینیان داخست هات وچۆی بە گەرمیان

دەکرد, سەرهەنگیش حەسەنی بێ ئەندازە خۆش دەویست ,عاقیبەت کوتی من پێم خۆشە گۆرانی لە گەڵ تۆ بڵێم! کاك حەسەن کوتی تۆ خوشکی و من برا , فەقەت ئەگەر ئیجازەی سەرهەنگ نەبێ ئە من ناتوانم قەبوڵی بکەم, سەرهەنگیش کوتی نەخێر حەسەن تۆ برای پێم خۆشە خانم بەوە دڵی شادە, قەیناکا لە گەڵی بڵێ چەند گۆرانیان پێکەوە کوت, بە کوردیش قسەی بۆ نەدەهات!
ئەمجار کوتی ئەمن دەمەوێ فێری رەقسینی کوردیم بکەن دەمەوی لیباسی کوردیشم بدەنێ ئەمن دەتوانم بەرنامەی تەلەوزیونیش لە گەڵ تۆ بم. ئەو ژنە زۆری عیشق بە کوردیت بوو دەهات لە گەڵ مێدیا خانم و خیزانی من هەڵدەپەرین!

## تەلەوزیونی کوردی

شەوی پینجشە ممانە دەرۆیشتین لە ئیستگەی هونرهای زیبا بە رنامەمان دەدا, بەرنامەی کوردی حەسەن بە دایرە و بە گۆرانی ئێمەش حەوت هەشت پیاو وژن بە لیباسی کوردیەوە بە دەستوری سۆرانی خۆمان هەڵدەپەرین، خەڵك زۆریان پی جالب بوو زۆریان پێخۆش بوو! ئەو قاوەخانەی لە تاراندا تەلەوزیونی بوو , دوو یان سی قاوەخانە پر دەبوو لە خەڵك, تەلەوزیونیش نیو تاران هەتا کەرج کاری دەکرد زیاتر کاری نەدەکرد! لەو قاوەخانانە ئەوشەوە چای لە پەناباتێکەوە دەچووە چوار قران ئەوندە بەرنامەی کوردیەکەیان پێخۆش بوو.
[سابت پاساڵ دەوڵەمەندێکی ئیرانی بوو کە یەکەم تەلەوزیونی خسوسی لە ئیران لە مانگی خاکەلیوەی ساڵی 1339 -1960دامەزراند هونەرهای زیبا شوێنی کار و تەمرین و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان بوو, جگە لە کوردی بەرنامەی ئازەری و فارسیش بڵاو دەکراوە. سەرە ڕای گۆرانی و هەڵپەرکێ و بەرنامەی رابۆاردن, شانۆش وەك هەموو بەرنامەکانی تربە شیوەێکی زیندوو بڵاو دەکراوە., ساڵی 1344 ئەم تەلەوزیونە دەوڵەتی کرا و بوو بە تەلەوزیونی ملی ئێران و هونەرهای زیباش بوو بە خانەی نەمایش وەك بەشێك لە تەلەوزیون. ئەم هونەرهای زیبایە کە لێرەدا ناوی هاتووە هیچ پیوەندییەکی بە دانشکەدەی هنرهای زیبای دانشگای تارانەوە نییە! ب.فە رشی]

## کەواو پانتۆڵ

**م. رەمەزانی** لە نەوارێکدا باسی سەخاوەتی حەسەن زیرەك دەکەن, کەسیك دەڵێ کەوا وپانتوڵی تازەی خۆی پیبەخشیوم کوتی ئەوە بۆ تۆ جوان هەڵدەپەری! هەر لەو نەوارە دا لە هونەرمەند عەزیزی شارۆخم بیست کە براکەی فەلەج بوو. تۆ کە لە گەڵیان بووی لە تاران تۆ شارەزای؟
لە رادیۆ هاتەوە کوتم یارەبی مەبارەك بی حەسەن وەڵاهی ئەشەد وبیلا ئەو کوت و شالوارە جەدیدەت زۆر لێ جوانە, بە خسوس تۆ لیباسی رەشت زۆر لێدی! کوتی عەلی تو لە بەری کە بزانم وەك لە بەری مندا جوانە لە بەری تۆشدا جوانە؟ مێدیا خانم ئیتلاعی هەیە , خیزانم ئیتلاعی هە یە کە من کوت و شەلوارم لە بەر کرد قەدەریك لە حەوشە هاتم و چووم لە وەتاخ هاتم و چووم, کوتی بە نێوچاوانی حاجی شیخ حیسام الدین داینابییەوە !کوتم حەسەن تۆ نەدەبوو لە رێوە ئەو سوێندە بخوی, یانی چی ئەتۆ ئەقەڵەن هەفتەیەك لە بەری کە! کوتی نا هەر لەوە دەستێکی دیکە دەبڕم بۆ خۆم !

## هەوالێکی رۆژنامە

شەوێکیان مێدیا خانم دوای نان وچای خواردن رۆژنامەێکی هینا گرتی بە دەستەوە کوتی حەسەن ئەو رۆژنامەت بۆ بخوینمەوە؟ کوتی ئەری وەڵا کوتی چ فایدە پێی دڵتەنگ دەبی ,کوتی ناوەڵا بۆم بخوینەوە بزانم چییە. کە خوێندیەوە نە فەرێك لە مەهاباد نووسیبوی,, ئەمن مودەتیکە زۆر زەلیلم عومریشم 22ساڵە ئەلان سەروتی بابم خەلاس بووە خیزان و منداڵێکم هەیە, دەمەوێ تەڵاقی دەم و رزگاری بکەم هیچم پێیەیدا نابێ ئایش بۆ موسلمانیك کە وەسیلەیەك بۆ من فەراهەم کا بچمە خیابان نەفەقەی خۆمی پێپەیدا کەم و بیهینمەوە ماڵی بۆ ئەو منداڵەم,, حەسەن بەوە زۆر مەلول بوو زۆر دڵی تەنگ بوو کوتی مێدیا دوبارە بۆم بخێنەوە ! حەسەن ئەو شەوە ئەوقاتی تاڵ بوو!
سبەینێ هەستا رۆیی بۆ ئیستگای رادیۆ, نامەیەکی وەرگرت بۆ شیروخورشید ئەوشتانە لەوی هەبوو لەو چەرخانە دانەیەکی کری و ئێجازەی خواست و لە گەڵ مێدیا خانم چوو بۆ مەهاباد سێ رۆژ لەوێ ماوە نیونیشانی ئەو کوڕەی دیبەوە , کورەی فێری ئەو چەرخە کرد و زۆر خۆشحاڵ گەراوە!

## کۆترەکان

لە ئاغایانی مەنتەقەی شنۆ لەوێ مهمان بوون یەکێك لەو ئاغایانە نیوی حەیدەرئاغا بوو مەزنی مەنتەقەی خۆیان بوو, سەعات و نێوێك رۆژی مابوو بلیتی قەتاریان وەرگرتبو قەول وابو ماشینیان بێ و بچن بۆ ئیستگا و حەسەن بچێ بەدرەقەیان بکات , ئاغایان کوتیان بەندیکمان بۆ بلێ, مێدیاخانم کوتی عەلی ئەو پەنجەرە بکەوە من دەلێم ئەلان ئەو کۆترانە یەکرێ دینە گوێسوان و سەر ئەودارانە, کە پەنجەرەم کردەوە حەسەن دە ستیپیکرد , مێدیاخانم ماوە شوکر ئەو کۆترانە دەستە دەستە دەهاتن لەوسەر دارانە لەو گوێسوانە دەنیشتن لە گەڵ حەسەن گۆرانی دەکوت سەریان دادەنەواند لە گەڵ حەسەن بیدەنگ دەبوو هەڵدەفرین حەسەن بۆ ئیمتحان دەستی پیدەکرد ەوە دەهاتنەوە ئێمە بۆخۆمان ئەوانەمان دیوە .

## هەژار و زیرەك

**م. رەمەزانی** من بۆخۆم بیرەوەرێکم لە شاعیر ونووسەری نەمر ماموستا هەژار هەیە لە ماڵی کاك مەنسوری ئەردەلان, کەسێکی کە دەیویست سینەمای کوردی بەوجود بینێ لە کوردستانی ئێران, بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا, بە خزمەت ماموستا هەژار گەیشتین, باسی حەسەن زیرەکی کرد و کوتی خزمەتیکی کە حەسەن زیرەك بە فەرهەنگی کوردی کرد کەم کەس کردی ,ئەو گێرایەوە ئەمن لە بەغدا دوکانی عەکاسیم هەبوو ئەگەر هەوائێکی تازە فیر دەبوو دەهاتە لای من دەیکوت, بە هۆی ئەوە سەوادی نەبوو جاری وابوو کەلیمەی ئیشتباە دەکوت ئەمن بۆم راست دەکردەوە, رۆژیکیان هات کوتی هەوائێکی تازە فیربووم کوتم بیڵی ,کوتی قوربان ئیرە دوکانە چۆن دەبێ بیبەڵا بی, لە سەر سەندڵی دوکانم دانا و کوتم دانیشە نازمەکە, هەر بەو حالەتە ,کوتی دامنیشاند, دەستپێکرد هەوائێکی عەرەبی بوو تەیب تەیبی دەکوت لام وابێ هی ئومی کولسووم بوو, ماموستا هەژاردەمی خوارکردە وە لاسی کردە وە بە هۆی تەنەفورێکی کە لە عارەبانی هەبوو کوتی هەستە هەستە خۆت پیس کرد, هەستا پی و تەماشایکی سەندە لیەکەی کرد, کوتم خودا غەزبت لیگری تۆو گۆرانی عەرە بی ؟ نەچی ئیدی گۆرانی عەرەبی بڵێیت برۆ گۆرانی کوردی بڵێ!

## دەرویش عەلی

**م. رەمەزانی** مام عەلی گیان ئێمە تەشەکورت لیدەکەین زەحمەتمان دای و بە راستی بۆخۆم زۆر کەیف خۆشم کە لە گەڵ جەنابتان ئاشنا بووم, مەنبەعێکی ئاوا نزیك بە ژیانی ماموستای نەمر حەسەن زیرەك, ئەوشتانەی تا ئەلان لە سەری نووسراوە پێم وایە ئەو ئەندازەیە ریك و پیك بوویێت!
ئەو مەتڵەبانەی کە نووسراون لێرە و لەوێ جەنبەی کرۆنۆلۆژیان نەبووە, تەرتیبی زەمانی, تەوالی زەمانیان نەبووە!
**مام عەلی** خودا دەوامی ئێوە بدات زۆرمەمنونم بۆ ئەو مەرامە, من ئیفتیخاری پێوە دەکەم, رۆحم لە بەری دایە, حەسەن چەند مودەتێکە غەرقی رەحمە ت بووە, هەر وەدەزانم دوینی بووە, وەدەزانم هەزار ساڵە لە دەستم دەرچووە, ئەمن تەشەکوری دەکەم, زۆریش مەمنونی ئیوە م کە ئەو وەسایلەتان هیناوە, ئەو مەجلیسەتان تەشکیل داوە کە منتان قەبوڵ کرد

# مێدیا زەندی

من مێدیای زەندیم, ناوم میهدیه نیه, چون کوردەکان مادن, مێدیا یانی دایکی کوردە کان! من لە ساڵی 1337ك(1958ز), ڕۆژێك لە مەدرەسە گەڕامەوە تەماشم کرد ئەوا ئاغایەك کە لیباسی کوردی لە بەردابوو لە ماڵی ئێمە دانیشتووە. کوتیان ئە وە حەسەن زیرەکە. من چونکە لە تاران دەژیام نەمدەزانی کە ئەو کێیە! وەکو بابم کورد بوو هەمیشە کوردان دەهاتنە لای وامزانی ئەوەش هەر ئەو جوورەیە! هێندەی پێنەچوو چەند جارێکی کە هەر ئەو ئاغایە بە وەسیلەی کورە پووری خۆم, بابمی دیبۆوە.

## زیندانی مەراغە

گۆیا پێش ئەم جەریاناتە لە مەراغە ژیا بوون و حەسەن ئەو کاتی لە زیندانی مەراغە لە گیردابوو, دەبێتە ساڵی 1327ك (1948ز) کاتێ دایکی دەچێ بۆ لای بابم و پێی دەڵێ حەسەن گیراوە و تورکان زۆڵمی لێدەکەن, بابم ئەو کاتی دەستی دەرۆیشت, دەچێ پەروەندە و شتی حەسەن دەردێنێ و حەسەن دەنێرێ بۆ ماڵی ئێمە ئەو کاتی, شەش مانگ بوو حەسەن هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە. بناخەی یەك ناسینی بابم و حەسەن ئەوە بوو. کە حەسەن دەچێ بۆ عێراق و بەغدا و لەوێ نێوبانگ دەردە کا و لە ساڵی 1958 زاینی گەڕاوە, لە خیابانی ناسرخسروی تاران لە موسافیرخانەی حەقیقەت تووشی کوڕی پوورم (عەلی رۆستەم پوور) دەبێ و هەواڵی بابم دەپرسێ و دەیبینێتەوە . پاش ئەو جەلەسەیە, چەند جاری دیکەش هات بابمی دیتەوە و کوتی کە بەرنامە ی کوردی لە رادۆ دامەزراوە و خانمێکی دەوی. ئەو زەمانیش کوردەکان لە سەر ئەوە نەبوون کە ئافرەت بنێرنە دەری بەداخەوە! بابم کوتی چونکی بۆ خزمەت بە کوردە ئامادەم, منی بە وەسیلەی حەسەن نارد بۆ رادۆ.

## رادۆی کوردی تاران

ڕادوی کوردی تاران لە مانگی پووشپەڕی 1337 کرابۆوە و بەرنامەکە بۆ ماوەی سەعاتێك بوو, نیو سەعاتی بە زمانی کوردی شمال بوو. ئەمن و ئاغای شوکروڵای بابان و ئەحمەدی موفتی زادە و خوسرەوی شێرخانلو بەرنامەکەمان ئیجرا دەکرد و دوکتورمەلا ڕحمانی موفتی زادە و سەدیقی موفتی زادە لە نووسین و تەهیەی بەرنامەدا یاریدەم یان دەدا. بەو جوورە ئەمن چووم بۆ رادۆ. ماوە یە ك لەوێ کارم کرد.

## مارەکردنی مێدیای زەندی

هێندەی پێنەچوو شەوێك هاتبووینە دەرێ, لە گەڵ حوسێنی برام و هەروا لە گەڵ حەسەن زیرەك. حەسەن کوتی من دوو ژنم هەیە, ئەگەر تۆ مێردم پێبکەی هەردوك ژنەکەم بۆ تۆ تەلاق دەدەم. منیش بەو قسەیە یەگجار ئاڵۆز بووم و کوتم ئەگەر جارێکی کە قسەیەکی وابکەی, ئەمن ئیدی تۆ نابینم. بۆ بابم گێراوە, بابم کوتی ئیدی لازم نییە بچی بۆ رادۆ. چونکە بەینی من و حەسەن تەفاوەتی سنی تا رادەی (35ساڵ!؟) بوو[14]!

**م. رەمەزانی** ئە و کاتی جە نابت تە مە نت چە ند بوو؟

[14] - حەسەن زیرەک لە رۆژی 1921/11/29 لە دایک بووە، و ساڵی 1958 واتە کاتی خوازبێنی کردن لە مێدیا خانم تەمەنی 37 ساڵ بووە و ناکرێ 35 ساڵ لە مێدیا خانم گەورەتر بووبێت.

**م. زەندی** یازدە ساڵ بووم؟! کلاسی حە وتی دە بیرستان بووم[15].!؟بۆ ماوەیەك ئیدی وازم هێنا و بۆ ئیدارەی رادۆ نەچووم,. هاتنەوە شوێنم چونکی بەرنامەکە ئیجابی دەکرد کە حەتمەن ژنیشی تیدابێ, منیان گەڕاندەوە و حەسەن پەڵپی بەست و کوتی ئەگەر (مێدیام) لێ مارە نەکەن ئەمن لە ئێران نامێنمەوە. ئیران ئەوەندەی بایەخ بۆ حەسەن دادەنا کە بە بێ ئیزنی بابم , چونکی ئەو کاتی هێشتا تەمەنی من قانوونی نەبوو, ئاغای شیخولئیسلامیان هێنا کاخی نوخوست وەزیری منیان بە بێ ئیزنی بابم لە حەسەن مارەکرد, بۆ ئەوەی حەسەن بمینێتەوە نەڕوا لە ئێران .

## ئۆرکیستری ڕادۆی تاران

حەسەن لە ڕادۆ ئۆرکێستێکی پێک هێنابوو لە گەڵ ئەو ئۆرکیستە تایبەتیی خۆی کاری دەکرد! لە برایانی فارس بوون, هیچ کوردێکی تێدا نەبوو سەرپەرستی ئەوانە حوسینی یاحەقی و سەرپەرستی گشتییەکەی موشیر همایونی شەهردار بوو. دوایی لە گەڵ ناسری زەرئابادی و بەدیعی کە ئەو کاتی زۆر مە شهوور بوون و هەرکام ڕەهبەری ئۆرکیسترێکی گەورە بوون کاری دەکرد! حەسەن دەهات بەرنامەی کوردی بەڕێوە دەبرد و چەند خانمیش ئەزجوملە بۆخۆم هاوکاریمان دەکرد بۆ ئەوەی کۆڕی هەبێ.تا بەرنامەی رادۆ کرماشان دامەزرا.

## ڕادیوی کرماشان

رادۆی کرماشان لە موردادی 1341 کرایە وە.

**م. رەمەزانی** یانی تەقریبەن چوارساڵ دوای رادۆی تاران؟

**م. زەندی** بەڵی, بەڵی, بەرنامەکە جاران لە تاران بڵاو دەبۆوە , هاتە رادۆی کرماشان. کە دەزگاکەی سەد کیلۆواتی بوو و بەرنامەکانی بۆ عێراقیش بڵاو دەبۆوە.

## ئۆرکیستری ڕادیوی کرماشان

حەسەن لەوێ ئۆرکێستریکی پیکهێنا کە مەشهوور بوو بە ئۆرکێستری زیرەك وئەندامانی بریتی بوون لە ئاغای عەبدولسەمەدی, قەرەنەی لێدەدا, موجتەبا میرزادە , ویۆلۆنی لێدەدا و پەنجەیەکی شیرینی هەبوو, برایەکمان هەبوو بە ناوی فەریدونی موڕادی بڕیك لە گۆرانیەکانی حەسەنی خستە سەر نۆت ئاغای ئیزەدی سەنتور و ئاغای پوولەکی زەربی لیدە دا. ئەو کاتی ئێمە هاتین بۆ کرماشان ئاغای شوکرڵڵای بابانیش هات. لە بیرم چوو بڵیم ئەو کاتی حیسام الدینی ئەمینیش هاوکاری دەکردین من گوویەندەی ژن بووم و ئەویش گوویەندەی پیاو بوو لە رادوی تاران بەڵام ئەو نەهات بۆ کرماشان . ئێمە بەرنامەکەمان لە کرماشان دریژە پیدا هەتا حەسەن تەقریبەن نزیك هەزار گۆرانی لێوەرگیرا.

## تەلەوزیونی کوردی تاران

لە تاران لە تەلەویزیونیش هاوکاریمان دەکرد, حەسەن گۆرانی دەکوت سەعاتێك بەرنامەمان هەبوو. ئەو تلەوزیونە ئەو وەختی خسووسی بوو, هی دەوڵەت نەبوو.

---

[15] - ساڵانی 1958 و پاشانیش منداڵ لە تەمەنی 7 ساڵی ئیزنی چوونە مەدرەسەیان هەبوو، ئەگەر مێدیا خانم کلاسی 7ی دەبیرستان بووبێتن تەمنیان 14 ساڵان بووە.

## بڕینی مووچە

ئێمە لە کرماشانماینەوە هەتا ساڵی 1342ك(1963ز)لە ساڵی 43دا لە پڕ حقوقی حسەنیان بڕی.

**م. ڕەمەزانی** هۆیە کەی چ بوو؟

**م. زەندی** ئێمە نەمانزانی وەشوینی کەوتین بۆ ئەم لاو ئەولا. حەسەن فوق العادە حەساس بوو, ئەو حەسەنەی کە دەوڵەتی ئێران لە بەر دڵی ئەو منی بە بێ ئیزنی بابم بەو دا و بە هەموو جۆرێ نازیان دەکێشا, لە پڕ حەقدەستەکەی قەتع بوو, ئێمە ئەو دەمە زۆر قەرزدار ماینەوە چونکێ ئەو کاتی مانگی هەزارتمەن کرێ ماڵمان دەدا! لە کرماشان زۆریان عەزیەت دەکردین, چونکی ئێمە بە زمانی کوردی سۆرانی قسەمان دەکرد, ئەوان دەیانکوت دەبێ بە زمانی کوردی کرماشانی قسە بکەن.
بەرنامەکەشمان گرتبووی, زۆری دەنگ دابۆوە , ڕۆژی دوو هەزار نامەی هەبوو , ئەغڵەب گویگرە خۆشەویستەکان پووڵیان دەخستە نیو پاکەتی نامەکە, لە بەر ئەوەی گۆرانی و شت بڵاو بیتەوە. ئەگەر ئێمە دووهەزار نامەمان پیدەگەیشت, بی ئیغراق, 1995 دانەی بۆ حەسەن بوو, پینج دانەکەی دیکەی بۆ باقی گۆرانیبیژەکان بوو. ئەو حقووقەیان کە قەتع کرد, حەسەن زۆر پەرۆش بوو. ئەم لاو و ئەولا چووین, بۆمان دەرکەوت کە ئاغای بابان چووە کوتوویە, ئێمە ئیتر نیازمان بە حەسەن زیرەك نییە, چونکی هەزار گۆرانیمان لی تۆمارکردووە و لە وانە کەڵك وەردەگرین. ئەوە لە سە ر دڵی ناسکی حەسەن یەکجار شوینی دانا. ئێمە هەروا سەرگەردان بووین، لەوکاتەدا لە عێراقەوە ماموستا حەسەن جەزراوی و محەمەد عارف جەزراوی و ماموستا عەلی مەردان هاتن بۆ کرماشان و لە ماڵی ئێمە میوان بوون. ئەمانە بە تایبە ت هاتبوونە شوین ئێمە کە بمانبەن بۆ عێراق بەڵام هەر لەوکاتەدا هاتن و دڵخۆشی حەسەنیان داوە و تەواوی ئەو حقوق و پووڵەی حەسەن کە وەپاش کەوتبوو پێیان داوە .
ئەوە هەر ئەوەندە بوو کە ئەم برادەرانە لێرە بوون. حەسەن لە نەوارەکەی خۆیا ئەوەی وا لە بانە لە گەڵ کەریم خۆشناو پڕیکردۆتوە باسی ئەوانی کردووە. بەڵام هەر ئەوان ڕۆیشتن دیسان حقوقەکەی حەسەنیان هەڵبڕی بە جۆرێك کە ئیدی مەجبوور بووین بە شەو لە کرماشان بڕۆین.

## کوشتنی حەسەن عەلی مەنسور

ئەمن و حەسەن ڕۆیشتین هاتین بۆ بۆکان حەسەن زۆری پیخۆش بوو بچی بۆ عیراق , من نەمدەزانی تەکلیف چ دەبی, نەچووم, گەرامەوە بۆ تاران, ئەو کاتی هاتمەوە تاران, جەنگی قودرەت بوو, سەرۆك وەزیری ئەوکات حەسەن عەلی مەنسوور کوژراو و لە جی وی, هوەیدا هاتە سەر کار و ئاغای موعینیان کە لە گەڵ من و حەسەن زۆر خراب بوو لە بەر ئەوەی ئێمە ڕادۆمان بە جی دەهیشت , بوو بە وەزیری دەربار, ئێمە گەراینەوە نیو ئیدارە و حوکمیان بۆ سادرکردین. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئاغای سراج الدینی سەرۆکی بەرنامەی کوردی بوو کە حەسەن هاتە ژوور, لە دەرکە وەدەری نا و ڕیی نەدا بیتە ژووری. ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە حەسەن بەداخەوە تووشی زۆر ژیانی نالەبار بوو کە ناتوانم زۆری تەوزیح بدەم. بەداخەوە ئالوودە بوو ڕۆیشت ئیتر کە ئەو ڕۆیشت من و منداڵەکان بە تەنیا لە تاران لە ماڵی بابم ماینەوە.

**م. ڕەمەزانی** هیشتا قانوونەن جوودا نەببونەوە ؟

**م. زەندی** نە خیر!

## نامەی شیخ عەبدوڵای ئەفەندی

حەسەن چوو بۆ لای شیخ عەبدوڵای ئەفەندی, چونکی بابم عەلاقەی پێ بوو, چوو بوو لە لای وی نامەیەکی هێنا بۆ بابم, شیخ نووسیبووی کە مێدیا بدەوە بە حەسەن , ئەو وەختی ژیانمان پیکەوە دە ستپیکردەوە , بەڵام بەداخەوە حەسەن تووشی ژیانی نالەبار بوو و ئالوودەگیەکەی بە جۆریك بوو کە دایم ماڵی بە جی دەهیشت و دەرۆیی.

### سکاڵا بۆ دادگا

ئیتر سکاڵام دایە دادگای حمایەت خانەوادە , لە بەرئەوەی حەسەن قەرزدار بوو, من ببوومە زامنی, ساحەب قەرز دەهاتن و منیان ئەزیەت دەکرد و داوای پووڵیان لێدەکردم منیش هەر تەنیا حقوقەکەم بوو کە خۆم و منداڵەکانی پێبەخێو کەم. لە دادگای خانەوادە تەسویب کرا.

### کتێبی چریکەی کوردستان

ئەو وەختی من کتێبی چریکەی کوردستانم بۆ حەسەن نووسی, ئەڵبەت ئەو کتێبە من فەقەت لە نووسینەوەدا یاریدەم دابوو, لە شیعر و هونراوە و فولکلۆردا حەسەن بە راستی هونەرمەندێکی بی وینە بوو, ئەو کتێبەم لە چاپدا و زۆرم زەحمەت لە سەری کێشا, ئەوکاتی کە ئەم جەرەیاناتە رووی ئەدا من هێشتا بیست[16] ساڵی تەواو نەبووم, حەتتا چوومە لای پەهلبود وەزیری فەرهەنگ و هونەر, دەیگوت نابی کتێب بە کوردی چاپ ببێ. کوتم من هەر چۆنی بی ئەو کتێبە چاپ دەکەم , لە ساڵی 1345 چاپ بوو. کتێبەکە لە دەست مندا بوو, کاتێ حەسەن گەڕایەوە لای من, کوتم وەرە با بچین کتێبەکانت بدەمێ, بردمە ئیدارەی سەبت کتێبەکانم بۆ وەرگرت و تەحویلم دا و گوتم ئەوە تا ئەو رۆ زامنی بووم و لە حقووقی منتان کەم کردۆتەوە , ئیدی لەوە بە ولاوە من زامنی نیم و لە حقوقی من کەم مەکەنەوە. هەر ئەو کاتەی کە لە سەبت بووین, لە دادگاش پەروەندەکەمان جێ بە جێ بوو, حەسەنیان لە سەبت هینا بۆ شوعبەی 24ی دادگوستەری.

**م. رەمەزانی** ببورە ئایا ئەو کتێبە لە لە حازی مادیەوە هیچ دەستی گرتن؟

**م. زەندی** ئەو کتێبە هەزار نوسخە بوو, حەسەن لە پشتی نووسیبوو دیاری شوانی کورد ئاڵەکۆکە, دیاری زیرەکیش فەرموو بکۆکە! واتا مەبلەغی لە سەر دانەنابوو و هەر وا دەیدا بە دۆست و برادەر و جەماعەتیش زۆریان پیشوازی لێکرد, دەرامەدیکیشی کە هەیبوو بەداخەوە سەرفی حەسەن بوو.

### نەخۆشی

لە ئالوودەبوونیدا براکەی مینە زۆر تاوانبار بوو چونکی لە کافەی وی ئەوەی بە سەر هات. تا بیستم حەسەن نەخۆشە, زۆر ناراحەت بووم , ئیزنم لە بابم وەرگرت بچم سەری حەسەن بدەم. لە گەڵ منداڵەکان چووین بۆ مەهاباد لە ماڵی خاڵم, حەسەنم دی بە داخەوە زۆر تووابۆوە هیچ وجوودی نەمابوو, زۆر زەلیل بوو. هاتمەوە تاران لە ئیدارە داوای ئامبولانسم کرد هەتا بیهێنم بۆ دوکتور. نەیاندامێ. کەس جوابی نەدامەوە. دەیانگوت تۆ چکارت پێیداوە ؟

### عەمەلیات

ئەو کاتی بردبوویانە بۆکان لە ماڵی براکەی بوو, بردبوویانە بیمارستان میعدەیان کە کردەوە , دیار بوو شیرپەنجەی هەیە و هەر نەدەبوایە بیانکردبایانەوە. دە دوازدە رۆژ پاش عەمەلەکەی فەوتی کرد.

### پووڵ

لە زەمانی مەرگیدا گوتی ئەمن بۆ منداڵەکان, یانی بۆ ئارەزوو و ساکار برێکم پووڵ داناوە و هێندی شت و مەك, خودا گیرم بی ئەگەر دەستیان لێبدەی. ئەمن دەفتەرچەیەکم لە بانگ بۆ منداڵەکان کردەوە کە ئەگەر بوون بە هەژدە ساڵە بۆ خۆیان وەریگرن, ئەمما بە گیانی منداڵەکانم, براکانی فەقەت سی دانە

[16] - بە داخەوە ئاماژە بە ساڵەکان لە زەمانی بەرێز مێدیا خانمەوە روون نییە، بۆ وێنە ئەگەر مێدیا خانم ساڵی 1958 تەمەنیان 14 ساڵان بووبێ، ناکری ساڵی 1966(1345) کەمتر لە 20 ساڵ بووبێتن.

دانە تاق تمەنیان ڕشتبووە نیو حیسابەکەی بانکیان! هەرچی خەڵك دابووی بە حەسەن و لە بیمارستان کۆمەگیان کردبوو, براکانی خواردیان و خۆیان ماڵیان پیدروست کرد، یان نازانم چییان لێکرد!

### گۆرستان

کاتی فەوتی کرد ئەمن لە گەڵ منداڵەکان چوینە سەر گۆڕی, شتیکی جالب ئەوە بوو کە حەسەن بەر لە مردن بە منی دەگوت تۆ چ ژنی من بی یا نەبی, خواگیرم بی ئەگەر لە ناڵەشکێنەم نەنیژن! من کە چووم بۆ سەر قەبران لاقم رۆ دەچوو, گوتم ئیرە کۆیە؟ دیتم جێیەکی دیکەیە و ناڵەشکینە نییە گوتم, حەسەن دەبی لە سەر ناڵەشکینە بینیژن چونکە وەسیەتی لە لای من کردوە کە بیبەنە سەر ناڵەشکینە. ئیتر ئێمە هاتینەوە تاران, بەداخەوە چەند رۆژ دوای ئەو بابیشم فەوتی کرد, حەسەن لە چواری پووشپەر و بابم 24 پووشپەری 1350 فەوتیان کرد[17].

### ژیانی نالەبار

لە کتێبەکەیا باسی کردوە مەوردی بی لوتفی دایك و براکانی قەراری گرتبوو, ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی حەسەن روو بکاتە قاچاخ و ژیانی نالەبار. یەکێ لەو پەروەندانە هەر ئەوە بوو کە بابم لە زیندانی مەراغەوە ناردی بۆ ماڵی خۆمان. پاشانیش هێشتا شاگرد شوفیر بوو نێوبانگی دەرنەکردبوو ماشێن لە سەراولێژی راگیرابوو, دەچێتە پشت فەرمان و وارید نەبوو ماشێن کونترۆڵ بکا و دەبێتە هۆی ئەوەی کوڕێکی 18 ساڵانە فەوت بکا. حەسەن لە ترسی ئەوە ڕادەکا, خۆی لە تاران و ئەم لاو و ئەو لا دەشارێتەوە تا مەسەلەکە کۆن دەبێ. پاشان دەچێ بۆ عێراق بۆ شاری بەغدا لە مسافرخانەی سەدرالشمال زەمین و شت دەشوا, بەدەم زەمین شۆردنەوە گۆرانی دەڵی کە لەوی مسافرێك دەبێ بە ناوی جەلال, کە هەمان جەلال تاڵەبانی ئێستا بێ. لییدەپرسی تۆ کوری کوێی دەنگت واخۆشە؟ ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگیرێتەوە و دەڵێ تەزکەرم نییە.

### زیندان

ئەڵبەت لە بیرم نەبوو باسی بکەم, پیش ئەم جەریاناتە, حەسەن دیتەوە ئیران, دەچی خۆی موعەرفی دەکا, بەداخەوە شاملی مروری زەمان نەبوو حوکمی دەدەنی, چونکی سەوادی نابی, بۆ خۆی حوکمەکە دەبا بۆ زیندان و حەبسی ئەبەدی دەدەنی. حدودی دوو, سێ ساڵ!؟ هەروەکی بۆ خۆی باسی کردووە, لە زیندان دەمینێتەوە و دوایە وەبەر عەفو دەکەوی, دێتە دەری, دیت بۆ لای خزم و کەسەکەی, هیچیان محەلی لینانین ودیتەوە بۆ بەغدا, ئەو جار لە سەدرالشمال دادەمەزری!.

**م. رەمەزانی** لە کتێبەکەی کەریم خۆشناودا بە شمالکەبیر ناوبراوە !

### شمالکەبیر و مام جەلال

**م. زەندی** بۆ خۆی لە کتێبەکەیدا کە ئێستا لە بەر دەستمە نووسیویە :

باش کارم ئەکرد رۆژ و شەوانە      لە ئوتیل شمال کە جێی کوردانە

مسافیرێکمان کە مام جەلال بوو    یەگجار گەنجیکی لە بەر دڵان بوو

خۆ پیریش نەبوو پییان دەگوت مام    کوڕیکی شیرین وەکو شەکری خام

---

[17] - ساڵی 1351 (1972) ساڵی مەرگی حەسەن زیرەک بووە.

مام جەلال ڕەتی دەکا لە دەست پۆلیس و دەیبا بۆ ئیدارە لەوی حەسەن دەست دەکا بە گۆرانی وتن و مەشهور دەبێ، دەمێنێتەوە تا دەگەڕیتە وە بۆ ئیران. لە ئێران ئاوا لە ناز و نعمەتیان گرت , تا ئاوایان لی بە سەر هینا, واقعیەت ئەوە بوو کە ئیدی شیرازەی ژیانی لە دەست دەرچوو.

## قەفەس و ئیلهام

**م. زەندی** دایم لە کوێرە وەری و نارەحەتی دا بوو. لەو سەردەمەشدا کە گەڕابۆوە بۆ بەغدا, گرتبوویان زۆریان لێدا بوو,حەتتا لە نێو قەفەسیان کردبوو, کە ئەوەشم بە دەنگی خۆی هەیە. لە عێراق دە لێن تۆ لە تەرەف ئێرانەوە هاتووی. بە لاٌم کەس تەوەجوە بەوە ناکا کە حەسەن سەوادی نەبوو تا کارێك .بکا, ئەگەر سەوادی بوایە بلیمەتێك دەبوو سەد لە ئێستاکە بێ وێنەتر.

گۆرانیەکانی بۆ خۆی ئاهەنگی بۆ دادەنا, کاتێك ئیلهامی پێدەکرا, لەو حاڵەتەدا ئەوەی بە دەمی دا دەهات , من بۆم دەننوسیوە بەلاٌم هیچ کەڵکی نەبوو چون ئەوەی دەیگوت لە پاشان نەیدەتوانی بیڵێتەوە. دەتدی لە جێگای وی شێعرێکی دیکەی دادەنا, بە تایبەت ئەو کاتەی دەیویست بۆ کوڕی شا شتێك بڵێ, ئەو شاعیر وشتە بۆیان جۆر نەدەهاتەوە بەلاٌم بۆ خۆی گۆرانی لایە لایەی بە دڵ بوو کە بۆ ئارەزووی کوتوە.

## 27ژن

بەر لە من حەسەن بیست و حەوت ژنی[18] هێنابوو لە هیچکامیان منداڵی نەبوو. ئە وکاتی منیان بە حەسەن دا, دوای ماوەیەك کە تەمەنم 17 ساڵ بوو!؟ منداڵمان نەدەبوو گوتم ئەگەر منداڵمان نەبێ ئەمن دانانیشم.

## منداڵ , عەزیز زەندی , کۆمەڵەی ژ.ك و جەنابی سەید

هەر ئەو زەمان حەسەنیان هەر بە پووڵی دەوڵەت نارده لای دوکتورموحسنیان لە نەخۆشخانەی بازرگانان لە خیابانی شاری رەی. عەمەلیان کرد و پووڵی دوکتور و نەخۆشخانە هەرچی بوو, دەوڵەت بۆ خۆی دای, بێ ئەوەی قرانێك لە مووچەی وی کەم کەنەوە، تەنیا لە بەر ئەوەی لە ئیران بمێنێتەوە و بەرنامەی ڕادۆ بەردەوام بێ. لە راستیشدا هەر تەنیا دەنگی ئەو بوو ببووە هۆی شەوکەت و ناوبانگی بەشی کوردی رادۆ. پاش ئەو عەمەلە بوو کە خودا ئا رەزووی پێدا لە 26 میهری 1340 (1961) کە گۆرانی خونچەی دڵەکەم ئارەزووی بۆ ئەو خوێندووە.

**م. رەمەزانی** ئەمن لە گەڵ مام عەلی کە وادیارە لە لە گەڵ ئێوە ژیاوە قسەم کرد, ئەوەی جەنابت فەرمووت باری عیلمی و پزشکی قەزیەکەیە, ئەو باسی ئەوە دەکات کە حەسەن زیرەك بۆ منداڵ بە ماڵی شێخەکان مراجعەی کردوە.

[18] - ئەو وتەیە لە راستی دوورە، حەسەن زیرەک 51 ساڵ ژیاوە، ژیانی هونەری ئەو کە دەبێتە هۆی بەناوبانگ بوونی ساڵی 1953 پاش چوون بۆ ڕادۆ بەغدا دەست پێدەکات وساڵی 1972 ژیانی کۆتایی پێدێت. ساڵی 1958 لە گەڵ مێدیا خانم زەندی زەماوندی کردوە و پاش جیابوونەوە لە مێدیا خانم رابەخانمی هێناوە کە دوا ژنی بووە و بەر لە مێدیا خانم و رابەخانم، ناسکێ خانمی ژن بووە. بەر لەوانەش ژنێکی ئازەری هەبووە و ئەو کاتەش کە لە بۆکان لە گەرەکی پشت دەرمانگا ژیاوە خانمێکی تری ژن بووە.سەر جەم ئەو کەسانەی ژنی حەسەن زیرەک بوون 5 کەسن. ژیانی ئاوارەیی و پڕ لە ناسووری حەسەن زیرەک و تەمەنی کورتی ئەو ئیزنە نادا کە ئەو 27(وتەی مێدیا خانم) یان 34 (وتەی کاک کەریم) یان 12 (وتەی مام عەلی) ژنی هێنابێ. زیرەک پێش تەمەنی 20 ساڵی واتە تا ساڵی 1941 کە سەری خۆی هەڵگرتووە، ژنی نەبووە. لە نێوان 1941 هەتا 1953 کە چۆتە رادۆی بەغدا واتە لە ماوەی 12 ساڵدا ناکرێ زیرەک 29، یان 22 ژنی هێنابێ، خۆ دوای ساڵی 1958 ناوی ئەو ژنانەی کە هێناویەتی، دیارە. کە وایە وتەی هەر سێ بەرێز دوورە لە راستیی. زیرەک دەبێ 5 هەتا 7 ژنی هێنابێ کە ئەو دووانەی تریان روون نین.

**م. زەندی**   رۆژێك کوتی هەستە بچین بۆ مسافرخانەی شەریعەت, سەیدی زەمبیل تەشریفی لەوێ بوو من تا ئەو وەختی شێخ و ئەمانەم نەدیبوو چونکە لە تاران دەژیام , ساڵی 1326 رەزاشا[19] دەستووری دا بابم بێتەوە تاران ئێدی نەیانهێشت بچێتەوە کوردستان, چونکە فەعالیەتی بۆ کوردان هەبوو, بابم عەزیزی زەندی لە بناغەدانەرانی حیزبی ژی کافە، ئەو بە پای پیادە چوو بوو بۆ ئەڵمان لەوێ دوکتورای وەرگرتبوو و هاتبووە.

**م. رەمەزانی** لە رشتەی حقوقدا بوو؟

**م. زەندی** بەڵێ, بەڵێ. هەموو هەنگاوێکی لە بەر خاتری کوردایەتی بوو, تا ئەو زەمانی ئیجازەی نەدەدا کە خانمەکان لە مالیا لیباس(کوردی) بگۆرن یانی قەت ئیزنی نەدەداین جگە لە زمانی کوردی بە زمانیکی دیکە قسە بکەین. ئەو کاتی کە چووین بۆ لای شێخ , داوای لە شێخ کرد بێ بۆ ماڵی ئێمە, حاجی شێخ دەعوەتی حەسەنی قەبوڵ کرد و حەسەن پێگوت دەمەوێ منداڵمان ببێ. ئەوە هاوکات لە گەڵ ئەو وەختەی بوو کە دوکتور موحسنیان عەمەلی کردبوو. شێخ دۆعایەکی نووسی کە ئێمەش لە ئاڵتونمان گرت و ماوەیەکی زۆر لە ملی ئارەزوو دا بوو. کاتی منداڵ بە وجوود هات شێخ فەرمووی دەبێ بێتە زەمبیل لەوێ منداڵەکەی ببێ.

## ئارەزوو, مەهتاب, ساکار, مەهناز

ئێمەش لە میهرەوە هاتینە زەمبیل. ئارەزووی کچم لە زەمبیل لە دایك بوو, جەنابی سەید بە نێوی سەیزادە مەهتابی کچییەوە کرد، کە خانمێکی فەوقولعادە پاك و بائیمان و موسلمان بوو. زۆر کەس وایدەزانی حەسەن زیرەك چوارکچی هەیە کە یەکیان ئارەزوو, یەکیان مەهتاب, یەکیان ساکار و یەکیان مەهناز. بەڵام وانیە ئارەزوو نێوی مەهتاب بوو لە سجیلدا, حەسەن چونکی منداڵی نەدە بوو و چل ساڵی بوو!؟ هێشتا منداڵی نەبوو, مەهتابی نێونا ئارەزوو و گۆرانی لایە لای بۆ کوت. مناڵی دووهەممان ساکار یا مەهنازە ئەویش لە قاقڵاوا هاتە دنیا لە لای ئاغا سەیدکامیلی ئیمامی .

## شەو و باران بارانە

سەید کامیل ئەو کاتی شیعری شەوی کوتبوو و حەسەنیش خوێندبوویەوە و ئێستاش شریتەکەی هەر هەیە, شێعرێکی زۆر جوان و پر مەعنایە و ئەوەندەی دیکە دەنگی حەسەن خۆشی کردبوو. کە دوکتور عەمەلی دەکا پێی دەڵی, نابێ مەشروب بخۆی حەسەن لە سەر دەستی جەنابی سەید تۆبە دەکاو گۆرانی باران بارانە هی ئەو کاتەیە.

**م. رەمەزانی** حاڵ و هەوای تۆبەی تێدایە.

**م. زەندی** بەڵێ, حاڵ و هەوای تۆبەی تێدایە, حەسەن بە راستی گەرابۆوە نوێژی دەکرد, هەمیشە لە گەڵ خودا بوو.

## زەماوەندی سەید عەزیز کوری شێخ عەبدوڵای ئەفەندی

حاجی سەید عەبدوڵای ئەفەندی ژنی بۆ سەید عەزیزی کوری هێنا لە تەرگەوەر و مەرگەوری لای رەزاییە, لە لایەن ئەرتەشەوە پردیان دانا بوو لە سەر چۆمەکە کە خەڵك پێیا برۆن بۆ سەر زەماوەند, زەماوەندێکی یەگجار گەورە بوو, خەڵك لە ئیران و عێراق و تورکیاو روسیاوە بەشداریان تێدا کردبوو, ئێمەش لەوێ بووین, لە هونەرمەندەکانی تر ماملی و مەلاحوسینی عەبدوڵازادە لەوێ بوون. من

[19] - ساڵی 1326 سەردەمی رەزاشا نەبووە و سەردەمی مەحەممەد رەزاشای کوری بووە و ئەو ساڵەیە کە کۆماری کوردستان تێکشکاوە و پێشەوا قازی و هاورێکانی لە سێدارە دراون. باوکی مێدیا خانم عەزیز زەندی کە بە دوکتور عەزیزی زەندی ناسراوە ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ژیکاف بووە. دەبێ پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان باوکی مێدیا خانم بۆ تاران راگوێزرابن.

تەنیا خانمێك بووم کە لە ماڵێ شێخ ئەو ئیزنە و ئەو شانازیەم پێدرابوو کە واریدی دیوەخانی پیاوان بىم. لە دیوەخانی هەموو ئاغاوەتی پووڵدار دانیشتبوون و گۆرانیبێژان گۆرانیان دەکوت و بە گوێرەی داب و رەسمی کوردەواری شاباشیان وەردەگرت. حەسەن کەواو پانتۆلێکی زەردی لە بەر دابوو, ئەوکاتی تەنیا ئارەزووەمان بوو کە چوارمانگان بوو. هەرکام لە ئاغاوەتەکان بە چاولێکەری ئەوانی تر و بۆ رقەبەرایەتی , شاباشی زیاتری دەدا. حەسەن ئەوەندەیان شاباش دابوویە کە دانیشتبوو لە نێو ئەسکناسدا وون ببوو, سەرم بردە پێشەوە و کوتم حەسەن تکات لێدەکەم ئەو پووڵانە هەڵمەگرە . کوتی بە قسەت دەکەم! کوتم ئەوە پووڵێکی زۆرە وەلی تۆ موترب نیت. تۆ دەنگی کوردت لە گەروو دێتە دەرێ, تۆ گیانی ئارەزووو, دەست لەوانە مەدە. حەسەن هەستا سەرپێ و پاتۆڵەکەی تەکاند کە تەنانەت ئەسکیناسێکی پێوەنەبێ. تەواو ئەو ئاغاواتەی لەوێ بوون, رەنگیان زەرد هەڵگەڕا, حەسەن لە گەڵم هاتە دەرێ, من بەو سێن و ساڵە کەمەوە حەسەنێکی ئاوام هێنابووە بار. من دەمگوت تۆ هونەرمەندێکی دەنگی کورد بەو لاو لا دەگەیەنی.

## کەریم خۆشناو

کاك کەریم خۆشناو گلەییم لێی هەیە, ناشیناسم, لە کتێبەکەیدا جۆرێك باسی حەسەن دەکا کە گۆیا حەسەن لە برسا گۆرانی گوتوە و لە بەر ئەوەی خەڵك پاروە نانێکی بدەنێ! لە کتێبی کاك کەریم خۆشناودا کە ئێستە لە بەر دەستمدایە لە لاپە رەی یەکەم, لە ژێر رەسمی حەسەن و من و مینە و زینەب نووسیویە ئەوە ئەو کاتەیە واچوون بۆ خوازبێنی مێدیای زەندی, لە حاڵێکا ئەسڵەن خوازبێنی لە گۆڕێدا نەبوو ئیزدواجی من و حەسەن دەوڵەت رێکیخست و دەوڵەت هەموو ئیمکاناتێکی بۆ فەراهەم کرد تا گۆرانیەکانی لێ تۆمارکرد کە گۆرانیەنیان تۆمارکرد, کاریان پێی نەما!

## دوکتور سە دیقی موفتی زادە

تەنیا کەسێك کە پشتیوانی بوو دوکتورسەدیقی موفتی زادە بوو کە لە چریکەی کوردستانا!؟ ئەو هونراوەی بۆ سەر قەبرەکەی نووسیوە :

زیرەك زۆرت کرد خزمەتی هونەر    ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر

باوەکو لە ژین نەحەسایەوە    پەژارەت زۆردی , زۆر چەوسایەوە

ژیانت ساتێ بە بێ غەم نەبوو    بەڵام لە هونەر هیچت کەم نەبوو

لە کتێبی چریکەی کوردستان نازانم چاوت پێکەوتووە یان نا؟

**م. رەمەزانی** بەڵی دیومە , من منداڵ بووم ئەو کتێبەم بە دەست خەڵکەوە دەدی لە دوکان و بازار دەیانخوێندەوە, ئەو کاتی وەك ئێستا نەبوو خەڵك خەم و پەژارە و مەشغوولیەتی فکری زۆربێ!.

## ئامیری موسیقا

حەسەن لە ئالەتی موسیقا کە بە سەریدا زاڵ بوو, دایرە بوو, دایرەی زۆرجوان لێدەدا. بەڵام لە سەر تاریفی موسیقا لە کتێبی چریکەی کوردستاندا, لە لایەن یەك هونەرمەند باوجودی ئەوەی ئینسانێکی بێ سەواد بووواقیعەن نە لە بەر ئەوەی بڵێم میردی من بوو یان بابی منداڵەکانم بوو, فەقەت لەو لایەنەوە کە هونەرمەندێکی بێسەواد بتوانێ ئەو جۆرە تەوسیفی بکا, جێگای شانازیە!

### عوسمان شارباژیری

کاك عوسمان شارباژیری و کاك کەریم خۆشناو  گیرفانی خۆیان پڕکردووە و حەسەنیان کردۆتە ئالەتی دەست, چونکە عوسمان شارباژیری هەمان کتێبی چریکەی کوردستانی دزیویەتی!؟ ئەوانەی شریتەکانی حەسەن دەفرۆشن یان ئەو کەسانەی لە دەروبەری بوون, هیچکامێکیان نەهاتن جارێ لەو دوومنداڵەی کە یادگاری حەسەن بوو بپرسن! ئەوانەی وا لە نێوی  حەسەن کەڵك وەردەگرن و  پووڵ وەردەگرن, نەهاتن جارێك بڵێن حاڵتان چۆنە. ئەمانە لە جیاتی حەسەن گەورەکەن, مەسەلەن کاك کەریم خۆشناو, لە کتێبەکەیا نووسیویە حەسەن هێندە برسی بوو خەڵك بانگیان کردۆتە ژووری گوتویانە وەرە نان بخۆ. زۆر بۆمن جێگای داخ بوو کە شتی ئاوا نووسراوە.

**م. رەمەزانی** دەرویش عەلی, هەر ئەو کەسەی سالها لە ماڵی ئێوە بووو خۆی وژنی کاری بۆ کردوون دەڵێ حەسەن زیرەك ئەگەر شەوێك میوانی نەبۆایە نانی پێنەدەخورا, لە تاوا دەچووە مسافیرخانەکانی تاران کوردی دیناوە , ئینسانێك بوو ئەوەی پەیدای دەکرد دەیدا بە دۆست و برادەر و  هاورەگەزی خۆی, ئینسانێك نەبوو کە هیمەتێکی نزمی هەبێ و  هیمەتیکی زۆر بەرز و شاهانەی هەبووە.

### هیلکە و دیوار

**م. زەندی** حەسەن زۆر قسە خۆش بوو!  زۆر نوکتە سەنج و بێ نەهایەت دەست و دڵباز بوو.  قەت  لە بیری ئەوەی دانەبوو کە قرانێکی بێ بیکا بە دوو قران. ئەگەر دۆست و برادەری  بهاتایەتە  ئێران, دەیکوت  ئەگەر دۆستی من تەوای ماڵەکەم  بکا بە هێلکەیەك و بیدا بە دیواردا, ئەوکاتە لە هەموو کاتێك خۆشحاڵترم , هێندە دەست و دڵباز بوو, ئەو حاڵەتەی بە منیش سەرایەتی کردووە. دەرویش عەلی زۆر لە گەڵمان ژیاوە و ئەو تەنانەت نێوی یەکێ لە کچانی لە خۆشەویستی منەوە نێو ناوە مێدیا, ئەو لە هەموو کەس باشتر ئاگادارە کە حەسەن چەندە, چەندە پیاویکی لە سەر خۆ و  هیدی و  هیمن بوو. ئەو کەند وکۆسپەی رۆژگار بە سەری دێنا هەر ئەو بوو, خۆی لە بەر ڕادەگرت. کە لە پشت  میکرۆفۆن ڕادەوەستا وەك  سەرچاوەیەکی  هەڵقولیوو  ئەوەی ڕەستە و وشەی جوان بوو لە دەمی دەهاتە دەر, بۆ هەموو کورد جیگای شانازی بوو و جێگای شانازیش هەیە.

### هەژار, هێمن , سەید کامیل

**م. رەمەزانی** مێدیاخانم سە بارەت بە  پێوەندی ماموستا حەسەن زیرەك لە گەڵ هەژار و سەید کامیل و نازانم لە گەڵ هێمن بووبێ یان نا بۆ مان بدوی!

**م. زەندی**  تا ئەو جێگایەی من بزانم لە گەڵ هەژار بووە و ئەمن بۆ خۆشم بە خزمەت ماموستا هەژار گە یشتووم, هەژار,هێمن و سەید کامیل بە سەرئەو هەموو  زانست  و  شارەزاییەی  خۆیانەوە شانازیان بە حەسەن دەکرد. کاتێ دەیانویست ئیلهامی بدەنێ یان هونراوەی خۆی بۆ بخوێنەوە بە راستی مات و موتحەیر دەمان  کە چۆن ئەو هونەرمەندە  توانیویە ئاوا گیان بکا بە بەر پارچە هونراوە کانیانا. ماموستا سەید کامیل ئێمە لە ماڵی بووین و کچی دووهەمی حەسەن, ساکار یان مەهناز لە ماڵی سەید کامیل لە دایك بوو. جارێکیان سەید کامیل دانیشتبوو, شەو لە دیوەخان کە من چووم دیتم بێدەنگە, کوتم بۆوا بێدەنگ دانیشتووی؟ دیتم کاغەزێکی پێیە, شیعریکی خۆی لە سەر نووسیوە کە هەمان هونراوەی شەو بوو, بە دەنگی خۆی زۆر جوانی خوێندیەوە لە منی پرسی  تۆ دەزانی ئەو شیعرە مانای چییە؟ من ئەو کاتی تەمەنم کەم بوو و ڕەنگە بیری دەکردەوە کە من ماناکەی نەزانم! کاتی کوتی:

نووری روخسارت وە دەرخە دەردی بێدەرمانە شەو

زوڵمەتی زولفت لە سەر رووت لە رۆژ میوانە شەو

ئەمن پێم گوت مەبەست ئەوەیە کە مووی سەری یار وەك شەو رەشە و ڕووشی سپییە وەك رۆژ , شەو لە رۆژ میوانە! زۆر زۆری پێخۆش بوو! ئەو کاتی کە بە خزمەتی ماموستا هەژار گەیشتم بە داخەوە حەسەن نەمابوو, ماموستا  هەژارم  لە گەڵ ماموستا رۆژبەیانی لە جامی جەم لە  تاران  دی,

فەرمووی من کە خەباتم دەکرد و لە شاخ دەژیام, سەرگەرمی و دڵگەرمی من دەنگی تۆ بوو کە لە رادۆ دەمبیست! باسی حەسەنی کرد عەرزم کرد حەسەن چەندی هەناسە سەردی دی چەندی دڵی ناسکی, نامهرەبانی دی.

### مەحبوبە

ژنێکی بوو, ناوی مەحبووبە بوو, تورك بوو خەڵکی مەراغە بوو, ئەوە یەکەمین کچێك بوو کە حەسەن ئیزدیواجی لە گەڵ کردبوو, کە حەسەن لە مەراغە کەوتە زیندان و حوکمی حەبسی ئەبەدی پێدرابوو, دایکی حەسەن زیرەك, ئەو ژنەی لە حوسینی برای حەسەن زیرەك مارە کرد. کە ئەوە بۆ خۆی زەربەیەکی زۆر گورچووبر بوو, چونکی ڕاست ئەو شەوەی مەحبوبەیان لە حوسینی برای مارە کردبوو, حەسەن وەبەر عەفوو کەوتبوو هاتبۆوە ماڵێ, دایکی دەستی لە ملی کردبوو گوتبووی ئەوە شایی براکەتە, باش بوو کە هاتیوە! ئەویش دەڵێ دایەگیان کێت بۆ هێناوە ؟ پێیگوتبوو ڕۆڵە ویستوومە مەحبووب لە نێو ئێمە دەرنەچێ ,تۆ تازە مەحکووم بە حەبسی ئەبەد بووی, منیش مەحبووبم لە حوسین مارە کرد! بە داخەوە ئەم جەریانە بوو بە هۆی ئەوەی حەسەن ماوەیەکی زۆر ئالودەی تریاك بوو, کاتێ لە گەڵ من ژیانی هاوبەشی دەستپیکرد من هەموو ئەوشتانەم پیدانا, هەر وەکی عەرزم کردی. جوانترین و سادقترین و پرماناترین گۆرانی, گۆرانی باران بارانە بوو:

مردن لە بیری بیرم کردەوە        سەر لە نوی نوێژم کردەوە

### عودی حەسەنی موحەقیق

لە پاش وی هەرکام لە گۆرانیە کانی دەگوت بە عوودی حەسەنی موحەقیق بوو, کە ئەو برایەمان ئێراقی بوو و هەردووك چاوی کوێر بوو , بەڵام زۆر جوان عودی لێدە دا, لە گەڵ حەسەن هاوکاری دەکرد و حەسەن عودلیدانی ئەو برایەی زۆر پێخۆش بوو.

### هە ژار

**م. رەمەزانی** لەو چاوپێکەوتنەی لە گەڵ هە ژار بووتان, خاترەیەکتان لە بیرنەماوە کە ماموستا باسی کردبێ؟ ئەمن لە ماڵی کاك مەنسووری ئەردەڵان, بە خزمەت ماموستا هەژار گەیشتم, دەیگێرایەوە دەیکوت من لە بەغدا دووکانی عەکاسیم بوو وحەسەن زیرەك دەهات بۆ لام کە هەوایەکی تازە فێردەبوو, جارهەبوو یەك دوو وشەی پیبگۆرم!

**م. زەندی** ئەوە ڕاستە بەڵام ئەو کاتی حەسەن لە بەغدا بوو ئەمن ئەوم نەدەناسی, لەو چاوپێکەوتنەشدا کە لە گەڵ ماموستا هەژارم بوو فەرمووی من کە گوێم لە گۆرانیەکانی حەسەن زیرەك دەبوو مات و موتەحەیر دەمام کە ئەو هەموو فولکلۆرە خوا لە دەمی حەسەنەوە بڵاوی دەکردەوە. ماموستا سەید کامیلش ڕێنمونی دەکرد, بەڵام ڕینمونیەکە هەر ئەوەندە بوو شیعرەکە بەرنە ناو مێشکی حەسەنەوە, بەڵام کاتێ حەسەن دەمی دەکردەوە , بەو ئیستیعدادە خودادادیەوە گیانی بە بەردا دەکرد و بۆ خۆشی شتی دیکەی لێ زیاد دەکرد. حەسەن زیرەك دایمە دەیویست خزمەت بە کورد بکا, بە داخەوە حەسەن زیرەك هونەرمەندی کورد بوو بەڵام قەدریان نەزانی, ئەگەر ئەوە فارس بایە یان کەسی دیکە زۆریان قەدر دەگرت.ئێمە هەموو ساڵێ ڕۆژی چواری پۆشپەر بەرنامەی یادبوومان بۆ سازدەکرد, بەڵام ئێستا ئەوەش نالوێ!

**م. رەمەزانی** بەڵێ بەداخەوە فەزایێکی زۆر خراپ هەیە, ئێمە چەند ساڵ لە مەوبەر ویستمان لە بۆکان بەرنامەی یادبوودی بۆ وەرێ خەین و زۆر خراپ تەواو بوو, باشمان نەجات بوو! کە نەکەوتینە گیر!

### ئیحسان نەوەی زیرەك

حەسەن بێجگە لە هونەرو خزمەت بە هونەری کورد, کارێکی بە کاری سیاسەتەوە نەبوو. منداڵەکانی ئەوەندەی لە توانام دابووە ڕامگرتن و هێنامنە بار. حەسەن زیرەك نەوەیەکی هەیە کوری ئارەزوو بە ناوی ئیحسان کە,,ئەلف,, لە ئارەزوو پیتی,, ح,, لە حەسەن زیرەك و باقی نێوەکەشی لە سیامەندی میردی ئارە زوو گیراوە . حەسەن بۆخۆی باسی دەکرد دەیگوت کاتێ منداڵ بووم دەنگم زۆر ناسك بوو, ئەلان ئیحسانیش دەنگی زۆر ناسکە ؛ ئەمن زۆر جار بە ئارەزوو دەڵێم بیخە سەر ئەو خەتە کە بەرێی باپیری واتە حەسەن زیرە کدا بڕوا, بەڵام دەڵێ ئەو خەڵکە چیان بۆ بابم کرد کە بیخەمە سەر ئەو خەتە !

### عەلی مەردان لە کابارە شکوفەی تاران

ماموستا عەلی مەردان لە گەڵ حەسەن جەزراوی و ئەوانە هاتن بۆ ئێران بۆ لای لە تاران, ئەو کاتە هێشتا من ئارەزووم نەببوو, شەو ئەمن و حەسەن و ماموستا عەلی مەردان چووین بۆ کابارە شکووفە, لە فارسەکان دوو کەس بوون دەچوونە سەر سین بەرنامەی جۆك و شتیان ئیجرا دەکرد, بەرنامەیەکی عەرەبیان ئیجراکرد, ماموستا عەلی مەردان بە شیددەت لەو بەرنامەیە نارەحەت بوو, هەستا چووە سەر سین, من بە دانیشتوانم کوت ئەوە هونەرمەندێکی زۆر موحتەرەمە و هەڵکەوتووی کوردە و لە عێراق ژیان دەباتە سەر, دەیەوێ میکرۆفۆن وەرگرێ و گۆرانی بڵێ, مەقامی ئەڵاوە یسی گوت, فارسەکان دیارە لێی تێنەدەگەیشتن, بەڵام بێدەنگیەکی ئەوتۆ زاڵ بوو بە سەر تەواوی ئەو کابارەیە دا تەنانەت کەس خشەیەکی نەدەکرد کە مەبادا خەدشەیەك لە دەنگی ماموستا وارید بێ , ئەوەندە جوانی ئەو گۆرانیە گوت ماموستا کوتی ئەوەیە دەنگی کورد ئەدی بۆ گاڵتەی پێدەکەن؟! لە پشت میکرۆفۆن ئەمن شیعرەکانم بە فارسی تەرجەمە کرد بۆ فارسەکان . حەسەن بۆخۆی هەمیشە دەیکوت ماموستا عەلی مەردان زۆر هاندەر و موشەویقم بووە, بەڵام خاترەی خۆشی لە ڕەسوڵ گەردی نەبوو, ئەڵبەت من بە خزمەت کاك ڕە سوڵ نەگەیشتووم..

### ماملی, خالقی, شوکروڵا بابان

لە گەڵ حەسەنی ماملێ و محەمەدی ماملێ و خالقی و ئەوانە دانیشتبوو. کاتێ خالقی هاتە سەرکار, ئاغای شوکروڵای بابان پشتی خالقی زۆرگرت و حەسەنی فڕیدا, چونکە هەردووکیان سنەیی بوون, من هەمیشە دەمگوت دەنگی خالقی و واریدی و شارەزایی حەسەن ئەگەر هی یەك نەفەر با لە دونیادا بێ وێنە دە بوو. نە ئەوەی بڵێم دەنگی حەسەن ناخۆشتر بوو, نە, بەڵام بە داخەوە هەر کاتێ گۆرانیبێژێکی دیکەیان دێنا, حەسەنیان دەخستە ژیر پێ, یانی حوکمی ماموستایان بۆ دانە دەنا! وە ئەوە دەبووە هۆی ئەوەی بەرەو دواکەوتن بڕوا لە باتی ئەوەی پێش کەوێ,حەسەن لە گەڵ حەسەن و محەمەدی ماملێ و مەلا حەسەنی عەبدوڵازادە بەرنامەیان بەرێوە دەبرد, هەر گوڵەی بۆ خۆی بۆنیکی هەیە!

### سەلاح داودە , محەمەد جەزا

ئەو زەمان کە حەسەن زۆر نەخۆش بوو, فەوتی کرد و لە ئیدارەی رادۆ داوای یارمەتیم کرد, کەس جوابی نەدامەوە, لە ئێراقەوە وابزانم سەلاح داودە بوو, ناوەڵا پێموایە محەمەد جە زا بوو هاتە سەر قەبری و زۆر جوان پێیدا هەڵکوت, قەت لە بیرم ناچێ, حەسەن بەخیل نەبوو, یارمەتی کەسێکی کە ویستبای فێری گۆرانی بێژی بێ, کۆمەکی دەکرد سادقانە و بە دڵ و گیان.

### پەردە لادان , کەم لوتفی

**م. رەمەزانی** مێدیاخانم زەمانێ کە ماموستا لە رادۆ بووە , لە رەوابیتی ئیداریدا, لاپەرەی ناخۆش هەیە, با تەوجوە بەوەی کە دەڵێن کوردان خۆخۆرن, حەسادەت و ناپیاوی هەیە لە گۆریدا, ئەگەر شتێك دەزانی لەمبارەوە پێمخۆشە پەردەی لێ لابەی!

**م. زەندی**   ئەو کاتەی حەسەن هاتە تاران ئاغای شوکرولای بابان بەرنامەکانی ئیجرادەکرد, لە واقیعدا دەبووە رەییسی بەرنامەی کوردی , وە ئاغای سەید ئیبراهمی ستوودە و ئاغای شێخ سراجەدینی. لە هەمووان پتر ئاغای شێخ سراجەالدینی کەم موحەبەتی لە گەڵ کرد, وە ئاغای بابانیش هەروا! حەسەن زۆر حەساس بوو, ئەوەك ئەوەی بەخیل بێ, ئاغای بابان هەر جێگایەك بەرنامە هەبوایە زۆرتر هەر خالقی وەپێش دەخست , خالقی ئەوکاتی نەوجەوان بوو, قیافەیەکی جوانیشی هەبوو, سەوادی هەبوو, ئەوانە دەبووە هۆی ئەوەی کەم لوتفی لە گەڵ حەسەن بکەن, بە تایبەت ئەو کاتەی لە رادۆی کرماشان بووین!

### مەلا مستە فا بارزانی

ساڵی43 شەو بە دزیەوە هەڵاتین, چونکە نەیاندەهێشت برۆین و لەو لاشەوە حقوقەکەکەی حەسەنیان نەدەدا, ئێمەش قەرزدار کەوتبووین, بە وەزع و حاڵێکی زۆر ناخۆشەوە بە دوو منداڵی چکۆلەوە , ئیتر هەر خودا دەزانێ چۆن بوو, هاتین برێك لە بۆکان ماینەوە, چووینە قاقلاوا لای ئاغا سەید کامیل, شەو کە لەوێ دەگەراینەوە بەریان بە ماشینەکە گرت لە و پێچەی زەمبیل. بەردیان لە سەر رێگاکە دانابوو, دەیانویست حەسەن رووت کەن, چون ئەوکاتەی کە لە کرماشان هاتینە دەرێ, وەزعیەتمان لە باری حقوقەوە نالەبار بوو, دەنا لە باری زندەگیەوە تێربووین, حەسەن دەیەویست بچێ بۆ خزمەت مەلا مستەفا بارزانی و لەوێ کار بکا!

### ئارەزووی مەرگ

ئاغای سراجەدینی زوڵمی لە حەسەن دەکرد, رێگای ئیدارەی نەدەدا, ئەگەر من هاواریشم بۆ دەکرد دەیانگوت ئەگەر راست دەکەی ئەی بۆ خۆت بۆ لە لای دانانیشی؟! دەمگوت ئەوە مەسەلەی ناوخۆمانە و فەرقی هەیە., چون حەسەن بە ڕاستی ,ئەو کاتەش کە وەفاتی دەکرد پێم گوت, کوتم بە ڕاستی هەم زوڵمت لە خۆت کرد و هەم لە من و منداڵەکان . بە ڕاستی منی ئازاردەدا, بەڵام ئەو زەمانی منداڵ بووم و ئەقلم پێنەدەشکا, ئێستا فکری لێدەکەمەوە دەبینم ئەوە شتێکی تەبیعی بووە, ئەو زۆر لە من موسنتر بوو و من ئەو کاتی جەوان بووم و ئینسان کاتێ جەوانە, جوانیشە. من تێنەدەگەیشتم کە ئەو دەبوایە ئاوا لە منی سەخت گرتبا , بەڵام هەرگیز ئارەزووی مەرگیم نەبوو, هەمیشە پێم خۆش بوو بمێنێ, هەمیشە، هەمیشە.